کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

۴۶۴

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۶۴ – ڕەشەممە – مارسی ۲۰۲۵


### ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## به بۆنەی ۸ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن (۲۰۲۵)



### ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزه چەپ و کۆمۆنیستەکان

## ۸ی مارس، هێمای خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری

### ڕاگەیاندنی هاوبەشی

## بەبۆنەی ۸ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن



## پێویستە هێرشی ڕژیم بۆسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران بەرپەرچ بدەینەوە

### کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام له پەنجا و حەوتەمین هەفتەدا

## پێویستە پشتیوانی لەم هەڵمەتە پەرەپێبدەین

## کۆمەڵە داکۆکیکاری لیبراوی کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی لە کوردستانە

## ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پێویستە بەشێوەی شۆڕشگێڕانە برووخێنین

### سەروتار

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە پەیامی "ئاشتی و کۆمەڵگای دیموکراتیک"ی عەبدوڵڵا ئۆجەلان

دوای سێهەمین دیداری هەیئەتی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەلان (دەم پارتی) لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی دوورگەی ئیمرالی و گفتوگۆی ئەم هەیئەتە لەگەڵ باقی حیزبە سیاسییەکان لە تورکییە و هاتوچۆی هەیئەتەکان بۆ قەندیل و هەروەها دیدار لەگەڵ ڕێبەری حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە کوردستانی عێراق، سەرەنجام پەیامی "ئاشتی و کۆمەڵگای دیموکراتیک"ی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانەوە بڵاوکرایەوە. ئۆجەلان لەم پەیامەدا تیشکی خستووەتە سەر بەستێنە مێژووییەکانی پێکهاتنی پەکەکە و پێویستی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک، سوپاسی بانگەوازەکەی دەوڵەت باغچەلی و ئیرادەی سەرۆک کۆماری کردووە و لە درێژەدا داوا لە پەکەکە دەکات چەک دابنێت و کۆنگرەیەک بەڕێوەبەرێت و تێیدا هەڵوەشانەوەی خۆی ڕاگەیەنێت. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم پەیامە هێندێک لە کاربەدەستان و میدیاکانی حکوومەتی تورکییە دیسان تەپڵی تیرۆریست پێناسەکردنی پەکەکەیان کوتا و چەک دانانی پەکەکەیان بە کۆتایی سەردەمی بەندکرانی تورکییە وەسف کرد. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پێشوازی لەم پەیامە کرد و هێندێک لە سەرانی ڕیاکاری دەسەڵاتەکانی ڕۆژاواش بە پۆزێتیڤ هەڵیانسەنگاند.

پەیامی ئۆجەلان لە بارودۆخێکدا بڵاوبووەوە کە زیاتر لە چوار مانگ لە پێشنیارەکەی باخچەلی ڕێبەری حیزبی فاشیستی "پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست" و دەستپێکی پرۆسەی ئەم گفتوگۆیانە تێپەڕیوە. باغچەلی داوای ئەوەی کرد ئیمکانی حزووری عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە پارلەمانی تورکییە فەراهەم بکرێت بۆ ئەوەی لەم تریبوونەوە داوا لە پەکەکە بکات کە چەک دابنێت. لەو کاتەوە هەتا ئێستا حکوومەتی ئەردۆغان نەک هەر هیچ هەنگاوێکی بۆ نیشاندانی نیازپاکی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان نیشان نەداوە، بەڵکوو سەرکوتگەری و سیاسەتی پان تورکیستی و نیئۆعوسمانی خۆی دژبە خەڵکی کوردستان و لە بواری سیاسەتی ناوچەییدا درێژەپێداوە. دەوڵەتی تورکییە لە دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد لە سوورییە بە یارمەتی گرووپە میلیشیاکانی نزیک بە خۆی و ئەرتەشی میللی سوورییە و بە پشتیوانی تۆپخانە و هێزە ئاسمانییەکانی ئەرتەشی تورکییە شەپۆلێکی تازەی لە هێرش بۆسەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئیدارەی خۆسەر و هێزەکانی سووریەی دیموکرات لە ناوچە کوردنشینەکان دەستپێکرد و

هەروا درێژەی هەیە. دەوڵەتی تورکییە لە هەمان کاتدا بە کاریگەری خستنە سەر حکوومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە دیمەشق بۆ لەناوبردنی ئەزموونی کوردستانی سووریە لە هیچ هەوڵێک دەریغی نەکردووە. لە کوردستانی عێراقیش سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆی درێژەپێداوە. لە تورکیە ڕەشبگیری چالاکانی سیاسی و ڕۆژنامەوانان و لەسەر کار لابردنی شارەوانییەکان کە لە پرۆسەیەکی یاسایی و بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراون، بەردەوام بووە. پەیامی ئاشتی ئۆجەلان لە کاتێکدا ڕاگەیەندراوە کە دەوڵەتی تورکییە هیچ مەیلێکی بە چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانە و دیموکراتیکی مەسەلەی کورد نییە. ئەگینا دەبووایە لە هەنگاوی یەکەمدا ئۆجەلان و سەلاحەدین دەمیرتاش و سەرجەم بەندکراوانی سیاسی ئازاد کردایی و کۆتایی هێنابا بە هێرشی نیزامی و تاوانەکانی شەڕ لە کوردستانی سووریە

لە بارودۆخێکدا کە دەوڵەتی تورکییە هیچ هەنگاوێکی بۆ نیشاندانی نیازپاکی لەئاست کۆتایی هێنان بە سەرکوتی خەڵکی کوردستان و کۆتایی هێنانی شەڕ لەم ناوچەیە هەڵنەگرتووە و بە زەبری میلیتاریزم سیاسەتی سەرکوتگەرانەی درێژە داوە، ئەو باوەڕەی لەناو خەڵکی کوردستان و ئینسانە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لە سەرتاسەری تورکییە و ناوچەکەدا پەرەپێداوە کە بانگەشەی دەوڵەتی تورکییە بۆ ئاشتی، شێوازێکی دیکەیە لە سەرکوتگەری و پێشێلکردنی مافی سەرەتایی و دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان. لە میانەی ترس و نیگەرانیدا و لە بارودۆخێکدا کە هیچ بەڵێنێکی کرداری بۆ پابەندکردنی دەوڵەتی تورکییە بۆ کۆتایی هێنان بە سەرکوتگەری و چارەسەرکردنی دیموکراتیکی پرسی کورد گەڵاڵە نەکراوە، پەیامی "ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک"ی ئۆجەلان و فەرمانی چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە و پێشوازی ڕێبەری پەکەکە لەم پەیامە وێڕای دەربڕینی هیوا بۆ ئازادی ئۆجەلان بێجگەلە تەسلیم بوونی بێ شەرت و مەرج لە بەرامبەر ئیقتدارگەرایی نێئۆعوسمانی ئاکپارتی و پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست هیچ مانایەکی دیکەی نییە. ئەم سیاسەتە تەسلیمخوازانەیە دەتوانێ بێهوایی و دڵساردی لەناو بەشێک لە هێزەکان و خەڵکی کوردستان کە وەهم و خۆشباوەڕییان بە سیاسەتەکانی پەکەکە هەبووە دروست بکات. پێشمەرجی هەر ڕێگاچارەیەکی دیموکراتیک بۆ کۆتایی هێنان بە جیاکاری و نایەکسانی سیستماتیک دژبە خەڵکی کوردستان لە گرەوی ئەوەدایە کە کۆتایی بە میلیتاریزم و داگیرکاری دەوڵەتی تورکییە لە کوردستانی سوورییە بێت و مافی سەرەتایی خەڵکی کوردستان لەپێناوی دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەڕەسمی بناسرێت. بەڵام عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ڕێبەری پەکەکە نەتەنیا ئەم لانیکەمانەیان لەبەرچاونەگرتووە، بەڵکوو فریوکارانە بانگەشەی ئەردۆغان و باخچەلی بۆ چەک دانانی پەکەکە بە بەشێک لە پێداویستییەکانی ڕەوتی دیموکراتیک لە تورکییە نیشان دەدەن. لە پەیامەکەی ئۆجەلاندا تەنانەت زەمانەتی کرداری بۆ دابینکردنی ئەمنیەتی گیانی و چالاکی ئازادانەی ئەندامان و کادرەکانی پەکەکە لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا ئاماژەی پێنەکراوە. ئەگەر بەڕاستی ڕەوت و کەشێکی دیموکراتیک بۆ چوونە ناو گفتوگۆ لەسەر خواستەکانی خەڵکی کوردستان دەستپێکردووە، بۆچی دەبێ چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە پێشمەرجی دەستپێکی ئەم ڕەوتە بێت؟ بێگومان سیاسەتی تەسلیمخوازانەی ئۆجەلان و ڕێبەری پەکەکە و تەسلیم بوون لە بەرامبەر خواستی ئەردۆغان و باخچەلی، بە بێ مولزەم کردنی دەوڵەتی هاوپەیمانی تورکییە و ڕەچاوکردنی کرداری خواستە لانیکەمەکانی خەڵکی کوردستان، دەستی دەوڵەتی تورکییە لە درێژەدانی سیاسەتی سەرکوتگەرانە و پان تورکیستی لە ناوەوەی تورکییە و فراوانخوازییەکانی لەسەر ئاستی ناوچەکە ئاواڵەتر دەکات

بەڵام پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە لەسەر بەستێنی چ بارودۆخێکدا دەرکراوە؟ واقعییەت ئەوەیە کە لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا سەرمایەداری لە کوردستانی تورکییەش بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە. گەشەسەندنی سەرمایەداری لەم ناوچەیەدا، سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، بنکەیەکی کۆمەڵایەتی متمانەپێکراوی بۆ بۆرژوازی کورد لە کوردستانی تورکییەدا دابین کردووە و چینێکی ماماوەندی بەرینی پێکهێناوە. ئەم چینە سەرمایەدارە و خاوەنانی سەروەت و چینی ماماوەند، لە ئەنجامی پرۆسەی بەجیهانیبوونی سەرمایەداری و لەژێر کاریگەری ئەم پرۆسەیەدا،



پاڵنەری چینایەتی خۆیان بۆ دروستکردنی بازاڕێکی ناوخۆیی لە چوارچێوەی سنووری جوگرافیای سیاسی و پێویستی پاراستنی ئەم سنوورەیان لەدەستداوە و لە ئەنجامدا هیچ مەیل و پاڵنەرێکیشیان بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوەی خەبات بۆ نەمانی ستەمی نەتەوایەتی نییە. ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە تەنیا بە وەدەستهێنانی بەشێک لە دەسەڵاتی مەحەلی و بەشداربوون لە دەسەڵاتی سیاسی لەڕێگەی مێکانیسمی هەڵبژاردنی پارلەمانی لە چوارچێوەی نیزامی دیکتاتۆری زاڵ و بە ئاڵوگۆری یەکجار چکۆلەی فەرهەنگی و سیاسی و ئیداری ڕەزایەت دەدەن. پارتە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان لە ئەنجامی ئەم پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی چەند دەیەی ڕابردوو، خۆیان زیاتر لە جاران لەگەڵ مەیل و ئاواتەکانی پێگە چینایەتییەکەیان گونجاندووە. لە کوردستانی تورکییە حیزبی یەکسانی و دیموکراسی گەلان (دەم پارتی) دروست ئەم ئاراستە چینایەتییە نوێنەرایەتی دەکات. دەم پارتی بەم ستراتێژییە سیاسییە تەنانەت لەناو کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوشیاری کوردستانی تورکییەشدا، کە خۆشباوەڕییان بەم ستراتێژییە هەیە، پێگەی جەماوەری بەدەست هێناوە. بەشێک لە بزووتنەوەی جەماوەری لە کوردستانی تورکییە ساڵەهایە لەژێر هەژمۆنی ئەم حیزبەدایە. ئەم حیزبە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان، هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان، ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و هیتر خەڵک لە ئاستی جەماوەریدا دێنێتە مەیدان. پێ بە پێی پەرەسەندنی نفووزی دەم پارتی، بۆشایی نێوان پەکەکە و ڕێبەرییەکەی لە قەندیل لەگەڵ ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە لە شارەکانی کوردستانی تورکییە کە لەژێر هەژمۆنی ئەم حیزبە ناسیۆنالیست و ڕیفۆرمیستەدایە، قووڵتر بووەتەوە

عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ڕێبەری پەکەکە کە پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ ڕێبەری دەم پارتی هەیە لەم حەقیقەت و ئاڵوگۆڕانە ئاگادارن. ئەوان نەک هەر هەست بە دابڕانی زیاتری پەکەکە لەم بزووتنەوە جەماوەرییە لە شارەکانی کوردستانی تورکییە دەکەن، بەڵکوو پێیان وایە چالاکی چەکداری پەکەکە زیان بە ستراتیژی و چالاکییەکانی ئەو حیزبە دەگەیەنێت. لەڕاستیدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە کردەوە بە ستراتیژی سیاسی دەم پارتی پەیوەست بووە و هەر بۆیەش ڕایدەگەیەنێت کە پەکەکە کۆتایی بە چالاکی خۆی بێنێ و داوای لێدەکات چەک دابنێت و خۆی هەڵوەشێنێتەوە. ئەمە ڕێگایەکی حەتمییە کە هەر ڕەوتێکی نامۆ لەگەڵ بەرژەوەندی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ناچارن بیگرنە بەر. عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک ڕێبەر و ئیدئۆلۆگی پارتی کرێکارانی کوردستان لە هەموو کەس باشتر دەزانێ کە ئەگەرچی ئەم ڕەوتە لەژێرناوی پارتی کرێکارانی کوردستاندا چالاکی کردووە بەڵام هیچکات پەیوەندی بە نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانەوە نەبووە. پەکەکە کە بەپێی سرووشتە ناسیۆنالیستییەکەی، ئامانج و سیاسەتەکانی ناتوانێ کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لە دەوری بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان بێنێتە مەیدان و لەم ڕێگەوە بەرەنگاری دەوڵەتی تورکییە بێتەوە و ستراتێژی ڕیفۆرمیستی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەلان بەرێتە ژێر پرسیارەوە، بەکردەوە ڕێگای نزیکبوونەوە لەم ستراتێژییە ڕیفۆرمیستییەی گرتووەتەبەر. چەک دانانی پەکەکە بە هەر ئامانجێک ئەنجام بدرێت، حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە ناوچەکە کە بە درێژایی مێژوویان خەباتی چەکدارییان بە گرینگترین چالاکی خۆیان پێناسە کردووە، دخاتە پێگەیەکی تازەوە.

لە کوردستانی تورکییەش تەنیا بە هێنانە مەیدانی سۆسیالیستی چینی کرێکار و بە وڵامدانەوە بە داخوازییە دیموکراتیکەکان لەوانە لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی بەرژەندی کرێکارانەوە دەکرێت سیاسەتی فاشیستی ئاکپارتی و حیزبی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست و هەروەها ستراتێژی ڕیفۆرمیستی دەم پارتی بخرێتە ژێر پرسیارەوە. چونکە بە هەر ڕادەیەکیش دووکەڵی ستەمی نەتەوایەتی بچێتە چاوی چینی کرێکار و زەحمەتکێشەوە، کرێکارانی هوشیاری کوردستان تەنیا بۆ نەمانی ئەم ستەمە خەبات ناکەن. بەڵکوو خەبات بۆ نەمانی ستەمی نەتەوایەتیش بە خەبات دژبە ستەمی چینایەتی و بە خەبات بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئازاد و خوشگوزەران و یەکسان پەیوەند دەدەن. کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران بە پشت بەستن بە ستراتێژی سۆسیالیستی کە هێنانە مەیدان و ڕێکخستنی چینی کرێکار لە دەوری بەرژەوەندی چینایەتی بنەمای سەرەکییەتی، توانیویەتی لێبڕاوانە هەوڵی حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان بۆ نزیکبوونەوە و هاوئاراستەیی لەگەڵ ڕیفۆرمخوازانی حکوومەت کە سەردەمانێک لەناو ڕژیمی ئیسلامیدا دەستیان دەڕۆی، بەرپەرچ بداتەوە. کۆمەڵە بە پشت بەستن بەم ستراتێژییە سۆسیالیستییە توانیویەتی سیاسەتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبە بورژوا نێئۆلیبڕاڵەکانی لایەنگری ڕۆژاوا و سەڵتەنەتخوازەکان و ئامادەییان بۆ سات و سەودا کردن لەسەر بەرژوەندی خەڵکی کوردستان لەبری بەدەستهێنانی هێندێک ئیمتیازاتی ورد و کەم بایەخ، بباتە ژێر پرسیارەوە

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

۱۱ی ڕەشەممەی ۱٤٠٣ی هەتاوی

۱ی مارسی ۲۰۲۵ی زایینی

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن (٢٠٢٥)

٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، لە زۆرێک لە وڵاتان دەرفەتێکە بۆ ڕێزلێنان لە دەستکەوتەکانیان و وەبیرهێنانەوەی خەباتی درێژماوە و بەردەوامیان بۆ یەکسانی و ڕزگاری. لە ئێرانیش ٨ی مارس بووەتە ڕۆژی ڕێزگرتن لە خۆڕاگری و خەباتی بوێرانە و گیانفیدایانەی ژنان لە بەرامبەر هەڵاواردنی ڕەگەزی، توندوتیژی و سەرکوت و جیاکاری یاسایی و کۆمەڵایەتی. ژنانی ئێران لە بەرامبەر سیستەمی باوک - پیاوسالاری و ڕژیمی سەرمایەداریدا کە هەردووکیان پێکەوە و بەشێوەی سیستماتیک مافەکانیان پێشێل دەکەن، هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان کردووەتە مەیدانی نەبەرد دژبەم نیزامە زاڵمانەیە




لەڕاستیدا خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری ژن لە هەر جۆرە ستەمێک، نەک هەر بەشێکە لە خەبات بۆ یەکسانی ڕەگەزی، بەڵکوو بەشێکی دانەبڕاویشە لە خەبات دژبە سەرمایەداری و دژبە چەوساندنەوەی چینایەتی. ئەو زوڵمەی کە ژنان لە ئێراندا تەجروبەی دەکەن، تەنیا بە هۆی هەڵاواردنی ڕەگەزییەوە نییە. بەڵکوو ڕەگ و ڕیشەی لە پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندایە کە لەسەر بنەمای نایەکسانی چینایەتی دامەزراون. لە وەها کۆمەڵگایەکدا، ژنان وەک نیوەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە، نەتەنیا لە دەرفەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکسان لەگەڵ پیاوان بێبەش دەکرێن، بەڵکوو لەژێر سوڵتەی ئەو سیستمە یاسایی و فەرهەنگییانەشدان کە ئەساسەن پیاوسالاری بەهێز دەکەن. ئەم سیستمە ستەمکارە بە کەڵک وەرگرتن لە یاسای شەریعەتی ئیسلام، بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەو یاسایانە دادەڕێژێت کە لە بەرژەوەندی پیاوان و دژی مافەکانی ژنانن. لە حیجابی ئیجبارییەوە بگرە هەتا یاساکانی پەیوەندیدار بە بنەماڵە کە مافی ژن لە بوارەکانی جیابوونەوە، میرات و سەرپرستی منداڵ نادیدە دەگرن، هەر هەموویان نیشانەی سەرکوتی سیستماتیکی ژنان لەم کۆمەڵگایەدایە. سەرکوتی ژنان لە ئێران لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەڕوونی دەبیندرێت. ژنانی ئێران بەهۆی یاسای پڕ لە هەڵاواردن و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی، لە دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتی یەکسانی پیشەیی، خوێندن و بەشداری لە بڕیاردانەکان بێبەشن. زۆرێک لە ژنان لە مەیدانی نەبەرد بەرانبەر بەم نابەرابەرییانەدا گیانیان بەختکردووە، چاویان لەدەست داوە و یان دەستگیر کراون و خراونەتە ژێر ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونییەوە

بەڵام سەرەڕای پەرەسەندنی سەرکوت، ژنانی ئێران هیچ کات قوربانییانی خامۆشی نیزامی هەڵاواردنی ڕەگەزی نەبوون. ژنان بە بەشداری بەرچاوی خۆیان لە ئاخێزە جەماوەری و ئینقلابییەکانی مانگی بەفرانباری ساڵی ٩٦، خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، بە پشتیوانی لە هاوسەرەکانیان لە قامەتی کرێکارانی مانگرتوودا، بە بەشداری لە کەمپەینی "سێەشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" لە پشت میلەکانی زیندان، بە شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ سەرکوتگەرانی گەشتی ئیرشاد، بە ڕاپەڕین لەدژی قەتڵە ناموسییەکان لە شەقامەکانی مەریوان و سنە، بە فڕێدانی حیجاب لە سەکۆکانی شەقامی ئینقلاب، بە خستنە ژێر پرسیاری جیاکاری ڕەگەزی لە زانکۆکان، بە حزووری پڕگڕوتینیان لە خەباتی موعەلیمان و خانەنشینان، پەرستاران و بزووتنەوەی ژینگەپارێزی، بە بەشداری لە ڕیزی ئیعتڕازی سینەماکاران و هونەرمەندان لەدژی هەڵاواردن و توندوتیژی ڕەگەزی، بە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ فەرهەنگی پیاوسالاری لە چوارچێوەی بنەماڵە، نیزامی هەڵاوردنی ڕەگەزی حکوومەتی سەرمایەداری و ئیسلامییان بەتەواو مانا بردە ژێر پرسیارەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لە ئێران لە ماوەی ئەم خەباتە پڕگڕوتینەدا گەلێک دەستکەوتی بەنرخی بەدەستهێناوە کە ڕەنگدانەوەی ناوچەیی و جیهانییان هەبووە. یەکێک لە دەستکەوتەکانی، نارەزایەتییەکان لەدژی حیجابی ئیجبارییە. ئەم خەبات و خۆڕاگرییە کە لە دەیان ساڵ پێشترەوە دەستیپێکردووە، لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەئاستێکی یەکجار بەرینتردا گەشەی کردووە. ژنان لەم خەباتە سەنگەر بە سەنگەرەدا بێباکانە حیجابی زۆرەملێیان خستووەتە لاوە و لەسەر پێویستی ئازادی تاکەکەسی و مافی هەڵبژاردن پێداگرییان کردووە. پاشەکشە پێکردن بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە جێبەجێ کردنی یاسای حیجاب و عیفاف، تەنیا یەکێک لەم دەستکەوتانە بووە

بەڵام لەپاڵ ئەم دەستکەوتانەدا، ژمارەی زیندانییانی سیاسی ژن و توندوتیژی خێزانی و ناموسی دژ بە ژنانی ئێران زۆر جێگەی نیگەرانییە. لەماوەی ئەم ساڵانەدا، هەزاران ژن بەهۆی بەرگریکردن لە مافە سەرەتاییەکانیان، نارەزایی دەربڕین دژی یاسا نایەکسانەکان و خەباتی کۆمەڵایەتی دەستگیرکراون. زۆرێک لەو ژنانە ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی کراونەتەوە و لە مافی دادگاییکرانێکی دادپەروەرانە بێبەشکراون. توندوتیژی خێزانی، بەتایبەت قەتڵە ناموسییەکان، لە ئێران ڕوو لە زیادبوونە و سیستەمی سیاسی و قەزایی ڕژیم لە خزمەت پەرەپێدانی ئەم تاوانانەدایە. لە کۆماری ئیسلامیدا یاسا و فەرهەنگی پیاوسالاری بووەتە ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی توندوتیژی دژی ژنان و بووەتە قەڵغانێک بۆ بەرگریکردن لە بکوژان و ئەنجامدەرانی توندوتیژی. ئامانجی سەرەکی ئەم سەرکوتگەرییانە پاراستنی فەرهەنگی باوک - پیاوسالاری و نیزامی داسەپاوی ئێستایە. لەڕاستیدا ئەم سەرکوتگەرییانە نیشانەی ترس و خۆفی حکوومەتی ئیسلامییە لەو هێز و توانا و دەورونەخشەی کە ژنان لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا بەدەستیان هێناوە

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنانی ئێران کە ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی و دژی هەڵاواردنە، لە هەمان کاتدا پێویستە لە چوارچێوەی خەباتی جیهانی و ئەنترناسیۆنالیستیشدا لەدژی ستەمی چینایەتی و ڕەگەزی هەنگاو بنێت. هاوپشتی لەگەڵ ژنانی فەلەستین و دژایەتی لەگەڵ تاوانەکانی ڕژیمی داگیرکەری ئیسرائیل یەکێک لەم نموونانەیە. هاوئاراستەیی و هاوپشتی بەتایبەت لەگەڵ ئەو بزووتنەوانەی لەسەر ئاستی جیهان لەدژی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری خەبات دەکەن، دەبێ یەکێک لە بنەماکانی ستراتیژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لە ئێران بێت. مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نیشانی داوە کە ئازادی ژنان تەنیا لە



چوارچێوەی خەباتی ڕادیکاڵ بۆ گۆڕینی بنەڕەتی سیستمە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەستەبەر دەبێت. لەم ڕووەوە بزووتنەوەی ڕزگاری ژن، پێشڕەوی خۆی لە گرەوی ستراتێژی یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەوانە بزوتنەوەی کرێکاری، موعەلیمان، خوێندکاران، پەرستاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا دەبینێت. کەوابوو ٨ی مارس دەبێ نەتەنیا ڕۆژێک بێت بۆ ڕێزلێنان لە دەستکەوتەکانی هەتا ئێستا، بەڵکوو دەبێ ڕۆژێکیش بێت بۆ هاوپشتی جیهانی و ئەنترناسیۆنالیستی. بێگومان هەتا کاتێک کە ژنان لە سەرتاسەری جیهان لە گشت ستەم و کۆت و بەندەکانی نیزامی سەرمایەداری و نیزامی پیاومەزن ڕزگار نەبووبن، خەبات درێژەی دەبێت

**پیرۆز بێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

ڕەشەممەی ١٤٠٣ی هەتاوی

فێوریەی ٢٠٢٥ی زایینی

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

# ٨ی مارس، هێمای خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری

لە سەروبەندی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنداین. ٨ی مارس داهێنانی ژنانی سۆسیالیستی جیهانە، ئەو بەرگریکارە لێبڕاوانەی ڕزگاری ژنان کە بۆ یەکەم جار ئاڵای خەباتێکی ڕادیکاڵیان لەدژی هەڵاواردن و نایەکسانی ڕەگەزی و لەپێناوی ڕزگاری ژن لە سەرتاسەری جیهان بەرز کردەوە. ٨ی مارس لە دووهەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی سۆسیالیستدا کە لە ساڵی ١٩١٠ لە کۆپێنهاگ بەڕێوەچوو، لەسەر پێشنیاری کلارا زێتکین وەک ڕۆژی جیهانی ژن ڕاگەیەندرا. لەو کاتەوە هەتا ئەمڕۆ، بزووتنەوەی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و زۆرێک لە داواکارییەکانی خۆی بەسەر پێکهاتەی باوک - پیاوسالاری و سیستەمی بەرهەمهێنانی



کۆمەڵایەتی و سەرمایەداریدا سەپاندووە کە موناسبانی ستەم لە دژی ژنان بەرهەم دێنێتەوە. خەباتی ژنان لە سەرانسەری جیهان لە دژی نیزامەکانی هەڵاواردن و چەوساندنەوەی ڕەگەزی بەردەوام بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی بووە

ڕەوتی بزووتنەوەی ژنان لە ئێرانیش لە بزووتنەوەی مەشرووتەوە هەتا ئێستا لەگەڵ زۆر هەوراز و نشێو بەرەوڕوو بووەتەوە. پاش بە دەسەڵات گەیشتنی نیزامی دژەژنی کۆماری ئیسلامی، خەباتی بزووتنەوەی ژنانیش پێی نایە قۆناغێکی تازەوە. هێمای ئاشکرای ئەم قۆناغە تازەیە لە خۆپیشاندانی ژنان دژبە سەرکوت و نایەکسانی ڕەگەزیدا خۆی نیشاندا کە لە ڕۆژی ٨ی مارسی ١٣٥٧دا لەدژی فەرمانی خومەینی بۆ داسەپاندنی حیجابی ئیجباری بەڕێوەچوو. خەباتی ژنان لە هەموو ئەم ساڵانەدا سەرەڕای هەڵکشان و داکشانەکانی، سەرەڕای سەرکوتی بێسنووری کۆماری ئیسلامی، لەدژی کۆنەپەرستی و جیاکاریی ڕەگەزی درێژەی بووە.

بێگومان ئەو زوڵم و ستەمەی کە لەماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا لە ژنانی ئێران کراوە، جیا لە ژنانی ئەفغانستان لە سەردەمی تاڵەبان، لەگەڵ ژنانی هیچ وڵاتێکی جیهان بەراورد ناکرێت. لە جیهانی ئەمڕۆدا کەمتر وڵاتێک هەیە کە تێیدا ئەو ئاستە لە ستەم و هەڵاواردن بەسەر ژناندا سەپابێت. کۆماری ئیسلامی لەو دەگمەن حکوومەتانەیە کە بە فەرمی جیاکاری و نایەکسانی لە یاساکانیدا پەسەند کردووە. سەرەڕای هەموو ئەم هەڵاواردن و ستەم و سەرکوتانە کە بەسەر ژنانی ئێراندا دەسەپێت، کەم بزووتنەوە هەن کە ژنان تێیدا حزوور و بەشدارییەکی چالاکییان نەبێت. ئەم ڕادەیە لە چالاکی و ڕادیکالیسمی خەباتکارانەی ژنان، سەرچاوەگرتوو لە هوشیاری ئەوانە و لە ژێر کاریگەری ئەو هەڵاواردن و ستەمکارییە دڕندانەیەدایە کە حاکمانی کۆنەپەرستی ئیسلامی بەسەریاندا سەپاندوون

لە نیزامی دیکتاتۆر و سەرمایەداری کۆماری ئیسلامیدا، ئەگەرچی بەگشتی جەماوەری خەڵکی ئێران هەر کام بەجۆرێک لەژێر ستەم و سەکوت و نابەرابەریدان، بەڵام ستەم و هەڵاواردنێک کە بەسەر ژنانی ئێراندا دەسەپێت، وەحشیانەترین و بێبەزەیانەترین جۆری هەڵاواردن و ستەم لە ئێرانە. هەروەها لەناو ژنانی ئێرانیشدا کە بە گشتی بەرەوڕووی هەڵاواردنی ڕەگەزین، بەشێکی زۆریان ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشن کە هاوکات لەگەڵ ستەمی چینایەتی و چەوساندنەوەی وەحشیانەی سەرمایەداریش بەرەوڕوون

خەباتی ژنانی ئێران بۆ نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزی و دەستەبەرکردنی مافی یەکسان، ئەگەرچی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە دەستیپێکرد و بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆر درێژەی بووە، بەڵام بارودۆخی ئێران و هەڵاواردنی یەکجار زۆر و هەمەلایەنە، عەزم و ئیرادەی ژنانی لەدژی کۆماری ئیسلامی تا هاتووە قایمتر کردووە. ژنانی ئێران لەماوەی ٧ ساڵی ڕابردوودا واتە لە ئاخێزی بەفرانباری ساڵی ٩٦، لە ڕاپەڕینی شکۆداری خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ و لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، شان بە شانی پیاوان لەدژی کۆماری ئیسلامی بێباکانە خەباتیان کرد و تەنانەت لە زۆر نموونەدا لە جەرگەی خۆپیشاندانەکانی شەقامدا ڕۆڵی پێشەنگیان نواند. بێگومان هەمووی ئەمانە لە گڕوتینی شۆڕشگێڕانە، لە تێگەیشتنی سیاسی، لە ئاستی هوشیاری و لە ئەزموونی خەباتکارانەی ژنانەوە سەرچاوە دەگرێت

لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاویدا، ژنانی ئێران بە نەبەردی قارەمانانەی خۆیان زۆر حەماسەیان خوڵقاند. ئەم بزووتنەوەیە بۆشاییەکانی ناو چینی دەسەڵاتداری قووڵتر کردەوە و ڕژیمی لەگەڵ ئاستەنگی گەورە بەرەوڕوو کردەوە. ئێستا کەم نین ئەو کەس و گرووپانەی کە تەنانەت لەناو چینی دەسەڵاتداردا ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنن کە درێژەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئیتر بەشێوەی ڕابردوو مومکین نییە

خەباتی ژنان لە دژی حیجابی ئیجباری کە لەڕاستیدا ئاڵای دژایەتی لەگەڵ هەموو جۆرەکانی ستەم و جیاکاری ڕەگەزییە، لە بزووتنەوەی نیوەی دووهەمی ١٤٠١دا گەیشتە لووتکە و لەو کاتەوە هەتا بەئەمڕۆ گیانفیدایانە درێژەی هەیە. کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو ژنانە کە ئیتر حازر نەبوون تەسلیمی حیجابی ئیجباری بن، ئامرازی جۆراوجۆری سەرکوتی بەکارهێنا، بەڵام هیچ هەوڵێکی سەرکوتگەرانەی دەسەڵات نەیتوانی ژنان لە خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ئیجباری پاشگەز بکات. دوایین تاکتیکی تاوانکارانەی کۆماری ئیسلامی، پەسەند کردنی یاسای کۆنەپەرستانە و دژەژنی "عیفاف و حیجاب" بوو کە ئەویش لە ئاکامی خەبات و خۆڕاگری ژنانی قارەماندا، نەیانتوانی بەڕێوەی بەرن و لەئێستادا بەشێکی زۆر لە ژنانی تێکۆشەری ئێران بە بێ بایەخدان بە یاسای سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی بە پۆششی ئیختیارییەوە لە شەقام و شوێنە گشتییەکان دەردەکەون.

لە جەرگەی نەبەردی بێپسانەوەی ژنانی تێکۆشەر و قارەماندا، ڕێز دەگرین لە ڕۆژی جیهانی ژن، هێمای خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری. ئەو ڕۆژەی کە ژنان لە سەرتاسەری جیهان بە بەڕێوەبردنی ڕێپێوان، کۆبوونەوە و خۆپیشاندان لەدژی هەڵاواردن و ستەم و نایەکسانی ڕەگەزی دێنە مەیدان و داخوازییەکانیان گەڵاڵە دەکەن

٨ی مارس دەرفەتێکی دیکەیە بۆ ئەوەی ژنان لە ئێرانیش بە پشت بەستن بە ئەزموونی خەباتی ساڵانی ڕابردوو، بەتایبەت ئەزموونی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ جارێکی تر لە بەرامبەر نیزامی دژەژنی کۆماری ئیسلامیدا بوەستنەوە و بە کۆبوونەوە و خۆپیشاندان لە شەقامەکان و بە وتنەوەی دروشم لەدژی جیاکاری و ستەم و نابەرابەری، زەربەیەکی دیکە لە جەستەی لاواز و پرتووکاوی کۆماری ئیسلامی بدەن.

**بژی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

٢٨ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی

١٦ی فێوریەی ٢٠٢٥ی زایینی

**واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری**

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری - حێکمەتیست**

**سازمانی ڕاهی کاریگەر**

**سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت)**

**هەستەی ئەقەلییەت**

❊ ❊ ❊

## ڕاگەیاندنی هاوبەشی

### شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

### کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

### کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست

# بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن

ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و ئازادیخواز!

پێشوەختە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، ڕۆژی خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری و یەکسانی، ڕۆژی ڕاپەڕین لەدژی نەزمی زاڵ، لە هەمووتان پیرۆزبایی دەکەین!

مێژووی ٨ی مارس بە مێژووی خەباتی ژنانی کرێکار، بە مێژووی خەبات بۆ مافی ئینسانی و بەرابەر، خەبات بۆ مافی خۆڕێکسختن و پێکهێنانی ڕێکخراوە و باشترکردنی بارودۆخی کار و بردنەسەری حەقدەستی ژنانی کرێکار لە ئەمریکا دەستیپێکرد. کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ کلارا زێتکین، لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنان لە ساڵی ١٩١٠، پێشنیاری کرد کە ڕۆژێک لە ساڵ ناوی ڕۆژی جیهانی ژنی لەسەر دابنرێت. ساڵی دواتری ژنانی تێکۆشەر و سۆسیالیست چەندین خۆپیشاندانی شکۆداریان لە وڵاتانی ئورووپا ڕێکخست. لە ٨ی مارسی ١٩١٧دا مانگرتنی گەورەی ژنانی کرێکار لە ڕووسیە و ڕاپەڕینی ئەوان بوو بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووخانی دەسەڵاتی تێزاری




دەیان ساڵە ڕۆژی ٨ی مارس لە سەرتاسەری جیهان بووەتە ڕۆژی هاتنە مەیدانی ژنان و پیاوانی تێکۆشەر لەدژی بێمافی و ستەم و نایەکسانی ڕەگەزی. لە ئێران ڕۆژی ١٧ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ بەرابەر لەگەڵ ٨ی مارسی ١٩٧٩، ژنانی وشیار و خەباتکار و شۆڕشگێڕ کە بە دروستی لە سرووشتی دەسەڵاتدارانی نوێ گەیشتبوون، وە بە دروشمی ڕادیکاڵ لە شەقامەکانی پایەتەخت ڕێپێوانیان دەکرد، لەلایەن هێزە کۆنەپەرستەکانی دەسەڵاتەوە هێرشیان کرایە سەر.

لە کوردستانی شۆڕشگێڕ، ژنان دەرفەتی ئەوەیان پەیدا کرد تا بە بەشداری لە خەباتی سیاسی و چەکداری، هەم بەرانبەر بە دەسەڵات بوەستنەوە و هەم فەرهەنگ و سوننەتی پیاوسالاری و کۆنەپەرستی ببەنە ژێر پرسیارەوە. لەئێستادا ٨ی مارس بووەتە ڕۆژێکی گرینگ و ناسراو لە کۆمەڵگای کوردستان و هەموو ساڵێ ژنان و پیاوانی تێکۆشەر لە کۆڕ و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکانیاندا خواستی ئازادیخوازانە و بەرابەری‌تەڵەبانەیان هاوار دەکەن

لەماوەی ساڵانی ڕابردووشدا هەم لە ئێران و هەم لە کوردستان، ڕێکخراوە کرێکارییەکان، چالاکان و ناوەندەکانی ژنان، موعەلیمان و خانەنشینان و توێژەکانی تر بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و بە دەرکردنی بەیاننامە و بە حزوور لە شەقامەکان، ڕۆژی جیهانی ژنیان کردووەتە ڕۆژێکی گرینگ لە مێژووی خەباتکارانەی کۆمەڵگادا. خەباتێک کە گشت نیزامی سەرمایەداری کردووەتە نیشانە و بێزاری خۆی لە موناسباتی دواکەوتووانە، فەرهەنگی پیاوسالاری، حکوومەتی دژەژنی ئیسلامی و ڕەوت و لایەنە کۆنەپەرست و فاشیستەکان دەردەبڕێت.

ئەمڕۆ ژنانی تێکۆشەر و پێشەنگ، بەشێک لە هێزی بزوێنەری هەموو بزووتنەوە ئیعتڕازی و ئینقلابییەکان لە ئێران و کوردستانن. لە بزووتنەوەی ژینادا بەشداری بەرچاوی ژنان و دروشم و خواستەکانیان پایەکانی دەسەڵاتی دژەژنی ئیسلامی خستە لەرزین و خەبات بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانی ژنانی کردە پرسی سەرەکی کۆمەڵگا. ژنان بە ئاگرتێبەردانی حیجابی ئیسلامی و ئیجباری، بە دیفاع لە مافی ژیان و ژیانێکی ئەمن، بە گەڵاڵەکردنی هەموو ئازادییەکان، لەدژی نیزامی نابەرابەر و هەڵاواردنی ڕەگەزی ڕاپەڕین

لە ٨ی مارسی ئەمساڵدا، ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز و هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە کوردستان و ئێران بە گەلێک ئەزموون و دەستکەوتی بەنرخەوە لە قۆناغێکی هەستیاری مێژوودان. بەڵام سەرەڕای هەموو تێکۆشان و گیانفیداییەکان، سەرەڕای هەموو دەستکەوتە بەنرخەکان، ژنان لەگەڵ گەلێک ژان و ئازار و نەهامەتی بەرەوڕوون. قەیرانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆماری ئیسلامی، سەرهەڵدانی هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان و وجوودی هێزە ناسیۆنالیست و پیاوسالارەکان لە کوردستان، هەر هەموویان دۆخێکی دژوار و قەبووڵنەکراویان بەسەر ژناندا سەپاندووە

لە هەلومەرجێکدا کە کۆمەڵگای ئێران بەرەو ئاڵوگۆڕی گرینگ و چارەنووسساز هەنگاو دەنێت، ڕۆڵی پێشەنگی ژنان وەک هێزی کاریگەر لەم ئاڵوگۆڕانەدا دیار و ئاشکرایە. بزووتنەوەی ژنان بە پێشینەی خەباتکارانە و پێگەیەک کە هەیەتی، دەتوانێ بە گرتنەبەری ستراتێژی سۆسیالیستی و بە کەڵک وەرگرتن لە دەستکەوتەکانی خەباتی خۆی، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە بکات و شان بە شانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، ڕەوتی گشتی کۆمەڵگا دژبە کۆماری ئیسلامی بباتە قۆناغێکی دیکەوە. لە وەها بارودۆخێکدا بزووتنەوەی ژنان بۆ جەماوەریتر بوونەوەی هەرچی زیاتر و هێنانە مەیدانی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لەئاستی ملیۆنیدا بەتایبەت لە گەڕەکە حاشینەنشینەکانی شارەکان و لە شوێنەکانی کار دەتوانێ هێزی مەزنی ئەوان لەگەڵ خۆی هاوڕێ بکات و بەرەنگاری نیزامی پیاوسالاری سەرمایە بێتەوە کە دەیان ساڵە ژیان و گوزەران و ئازادییانی زەوت کردووە و بە یاسای کۆنەپەرستانە و دژەژنی ئیسلامی، ستەمی ڕەگەزی و هەڵاواردن و نابەرابەری بەسەردا سەپاندوون

**پیرۆز بێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن**

**بەرقەرار بێت دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی**

ڕەشەممەی ١٤٠٣ی هەتاوی

مارسی ٢٠٢٥ی زایینی

**شۆرای هاوکاریی**

**هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

**کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری - حێکمەتیست**

❊❊❊

# پێویستە هێرشی ڕژێم بۆسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران بەرپەرچ بدەینەوە

لە هەفتەکانی کۆتایی هەموو ساڵێکدا، سێناریۆی وتوویژ لە شۆرای باڵای کاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە پێکهاتەیەکە لە نوێنەرانی دەوڵەت و نوێنەرانی سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە دژەکرێکارییەکانی سەربە حکوومەت، لەسەر دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەست بەڕێوەدەچێت. ئەمساڵ ئەم سێناریۆیە لە کاتێکدا بەڕێوەدەچێت کە کرێکاران زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو نیگەرانی ژیان وگوزەرانیان لە ساڵی داهاتوودان. لە کاتێکدا کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بەرزبوونەوەی ڕۆژانەی نرخی کاڵاکان لەماوەی ساڵێکدا تەنیا یەک جار حەقدەستەکان بە ڕێژەیەکی کەم زیاد دەکات، زۆر سروشتییە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە خەمی چارەنووسی خۆیاندا بن. بەتایبەتی ئەمساڵ بە لەبەرچاوگرتنی دابەزینی زیاتر لە ٦٠٪ی بەهای ڕیاڵ بەرامبەر بە دراوەکانی دیکە بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو و هەڵاوسانی زیاتر لە ٦٠٪ی خۆراک و خانووبەرە، زیادبوونی ٢٠ بۆ ٣٠٪ی حەقدەست بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت پێداویستی ژیانی کرێکاران دابین بکات

داسەپاندنی زۆرترین فشاری ترامپ و مەترسی گەڕاندنەوەی سزاکانی دیکەی یەکێتی ئەورووپا لە دژی کۆماری ئیسلامی، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی نەزانانەی عەلی خامنەیی لە سیاسەتی دەرەوەدا، قەیرانی ئابووری ڕژێم زیاتر پەرەپێدەدات. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئابووری دەوڵەتی ئیسلامی لە لێواری دارماندایە و مەسعوود پزشکیان گەلێک جار دانی بەوەدا ناوە کە حکوومەت پارەی پێدانی مووچەی کرێکاران و خانەنشینانی نییە. جگە لەوەش حکوومەت بەنیازە نرخی نەوت و گاز و ئاو و کارەبا بەرزبکاتەوە بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لە کورتهێنانی بودجەکەی. لە وەها بارودۆخێکدا نیگەرانی و کێشەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لەئاست حەقدستی ساڵی داهاتوو زیاتر لە ڕابردوو پەرەی سەندووە

جەماوەرێ کرێکار و زەحمەتکێش ئەمساڵیش لەگەڵ نزیکبوونەوە لە کۆتایی ساڵ لە زۆرێک لە پارێزگاکان نیگەرانی خۆیان بە ڕێوەبردنی مانگرتن و ناڕەزایەتی لەدژی هەژاری و گرانی و پیلانی "شۆرای باڵای کار" لە پەیوەند لەگەڵ حەقدەستەکان دەردەبڕن. شۆرای باڵای کار ناوەندێکی حکوومەتییە و بەرپرسە لە دیاریکردنی حەقدەست. ئەم ناوەندە لە نوێنەرانی خاوەنکاران، نوێنەرانی دەوڵەت کە خۆی گەورەترین خاوەنکارە لە ئێران و کەسانی دەستنیشانکراو لەژێرناوی "نوێنەری کرێکاران" پێکهاتووە. شۆرای باڵای کاری ڕژێم بەردەوام پارێزەری بەرژەوەندی خاوەنکاران و حکوومەت بووە و بە زیانی کرێکاران حەقدەستی دیاری کردووە

ڕۆژی سێشەممە ٩ی مانگی ڕەشەممە هێندێک لە میدیا ناوخۆییەکان ڕایانگەیاند کە شۆرای باڵای کاری ڕژێم لە نەزەری دایە بە بردنەسەری ڕێژەی ٣٠٪ بۆ ساڵی ١٤٠٤ (بە بێ لەبەرچاوگرتنی حەقی مەسکەن، ئەولاد، سەنەواتی خزمەت و مەزایای دیکە) لانیکەمی حەقدەست بکاتە ٩ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار تمەن. دەوڵەتی پزشکیانیش پێشتر لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٤٠٤دا، بە زیادکردنی ٢٠٪، حەقدەستی کرێکاران و کارمەدانی بەشی دەوڵەتی، لە ١٠ ملیۆن تمەنەوە بۆ ١٢ ملیۆن تمەن بەرز کردووەتەوە. دیاریکردنی وەها حەقدەستێک لە کاتێکدایە کە بەپێی ئاماری سەرچاوە سەربەخۆ ئابوورییەکان لەئێستادا سەبەدی مەعیشەت بۆ بنەماڵەیەکی سێ کەسی، لە سەرووی ٤٧ ملیۆن تمەن بەراورد کراوە. کەوابوو شۆرای باڵای کار ماددەی ٤١ی یاسای کاری خودی کۆماری ئیسلامیشی



خستووەتە ژێر پێ. ئەم یاسایە دەڵێت: "لانیکەمی حەقدەست دەبێ لەسەر بنەمای هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی خانەوادە و ڕێژەی تەوەرۆم دیاری بکرێت"

تا جێیەک کە پەیوەندی بە فاکتۆری هەزینەی سەبەدی مەعیشەتەوە هەیە، ناوەندە ڕەسمییەکانی ڕژێم سەبەدی مەعیشەتی بنەماڵەیەکیان ٢٣ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار تمەن ڕاگەیاندووە. هەڵبەت ڕێکخراوە کرێکارییەکان و ناوەندە سەربەخۆکانی ئامار، ئەم بڕەیان ٤٥ ملیۆن تمەن بەراورد کردووە. بەم حیسابە تەنانەت بەپێی ئامار و ئەرقامی ڕژێمیش لانیکەمی حەقدەست بە مەزایای دیکەشەوە نیوەی هەزینەی سەبەدی مەعیشەت دەکات. وە لە پەیوەند لەگەڵ ڕێژەی تەوەرۆمیش، ناوەندەکانی ئاماری حکوومەت بەپێی تێبینیی ئەمنیەتی، ڕێژەی تەوەرۆمیان ٣٠ بۆ ٣٢ لەسەد بەراورد کردووە. بەڵام ڕاپۆرتە مەیدانییەکان لە ناوەوەی ئێران چوونەسەری نرخی هێندێک لە کاڵاکانی سەبەدی مەعیشەت بۆ نموونە بەرهەمەکانی شیر، برنج، دانەوێڵە و دەرمانیان لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ٤٠ بۆ ١٠٠ لەسەد ڕاگەیاندووە و کرێی ماڵیش ٦٠٪ چووەتە سەرێ. بێگومان بەلەبەرچاوگرتنی بنبەست و ئیفلاسی حکوومەتی ئیسلامی لە چەند ساڵی داهاتوودا هەزینەی سەبەدی مەعیشەت و ڕێژەی تەوەرۆم زیاتریش بەرز دەبێتەوە. پاساوی فریوکارانەی نوێنەرانی ڕژێم لە شۆرای باڵای کار ئەوەیە کە "زیادکردنی حەقدەستەکان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تەوەرۆم و چوونەسەری نرخی کاڵاکان" کە ئەمەش بەهیچ شێوەیەک بنەمای زانستیی نییە.

دیاریکردنی ٩ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار تمەن وەک لانیکەمی حەقدەست بۆ ساڵی داهاتوو کە بە حیساب کردنی حەقی مەسکەن، ئەولاد، سەنەواتی خزمەت و هیتر دەگاتە ١٤ تا ١٥ ملیۆن تمەن، بە مانای بەیاسایی کردنی حەقدەستی سێ بەرابەر ژێر هێڵی هەژارییە. بەلەبەرچاوگرتنی کەمبوونەوەی هەموو ساڵەی حەقدەستەکان لە چاو خەرجییەکان، توانای کڕینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ساڵ بە ساڵ کەمتر دەبێتەوە. بەڕێوەبەری کانوونی شۆرای ئیسلامی کاری پارێزگای ئەلبورز، دانی بەوە دانا کە حەقدەستەکانی ئێستا تەنیا بەشی دە ڕۆژی سەرەتای مانگێک دەکات و زیاتر لە ٧٠٪ی کرێکاران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. تەنانەت هێندێک لە نوێنەرانی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی سەربە حکوومەتیش خوازیاری ئەوە بوون کە لانیکەم ڕێژەی ٧٠٪ بە حەقدەستەکان زیاد بکرێت. بەڵام زیادکردنی ٧٠ لەسەدی حەقدەستەکانیش لە ٧ ملیۆنەوە دەیگەیەنێتە ١٢ ملیۆن تمەن کە دیسانیش چوار بەرابەر لەژێر هێڵی هەژاریدایە.

هەڵبەت کرێکاران زیاتر لە ڕابردوو لەگەڵ سرووشتی دژەکرێکاری حکوومەتی ئیسلامی و ناوەندەکانی سەر بەم ڕژێمە ئاشنان و بەتایبەت بەلەبەرچاوگرتنی ئیفلاسی ئابووری حکوومەت، هیوایەکیان بە شۆرای باڵای کار بۆ زیادکردنی حەقدەستەکانیان نییە. ئەم ناوندەی حکوومەتی ئیسلامی بەردەوام لەدژی بەرژوەندی کرێکاران و بە قازانجی سەرمایەدارانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت بڕیاری داوە. بەڵام ڕژێمی ئیسلامی ئێستا لە لاوازترین قۆناغی تەمەنیدایە. نە دەتوانێ کۆنترۆڵی بەسەر بازاڕدا هەبێت و نە دەتوانێ گرانی و تەوەرۆم مەهار بکات و نە دەتوانێ وڵامی هیچ کام لە خواستەکانی جەماوەری خەڵک بداتەوە و بێجگەلە پەنابردن بۆ سەرکوت هیچ ڕێگایەکی تری لەبەر نییە. لە وەها بارودۆخێکدا کرێکاران ناتوانن دەست لەسەر دەستی یەک دابنێن و شایەدی هەژاری و برسێتی و مەرگی شێنەیی خۆیان و بنەماڵەکانیان بن. کرێکاران تەنیا بە خەباتی یەکپارچە و سەرتاسەری دەتوانن هێرشی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ژیان و گوزەرانیان بەرپەرچ بدەنەوە و مافی خۆیان لە گەرووی کارگێڕانی ئەم دەسەڵاتە دز و گەندەڵ و دژەکرێکارییە دەربکێشن.

**بڕووخێ ڕژێمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

## کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لە پەنجا و حەوتەمین هەفتەدا؛

# پێویستە پشتیوانی لەم هەڵمەتە پەرەپێبدەین

سزای ئێعدام بەدەر لەوەیکە لە چ شوێنێک و بەدەست چ ڕژیمێک بەکردەوە دەردێت، قەتڵی دەوڵەتی و تاوانێکی ڕێکخراوە. سەرانی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران ئەم جەنایەتە لەژێرناوی دیفاع لە ئەمنیەتی گشتی، ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوان و دابینکردنی مافی هاووڵاتییان، بەڕێوەدەبەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئەزموونی هەموو وڵاتانی جیهان نیشانی داوە کە بەڕێوەبردنی ئەم سزایە نەتەنیا کاریگەری لە سەر کەمبوونەوەی تاوان وتۆندوتیژی نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی لەئاستی کۆمەڵگە و کەمبوونەوەی ڕێز و حورمەتی ئینسانەکان. سەرانی




ڕژیم بۆ ئەم کوشتنە لەئانقەست و ڕێکخراوە، یاسایان دارشتووە و قازییان بۆ داناوە و جەلادیان بۆ جێبەجێکردنی حوکم دیاری کردووە. دارشتنی ئەم یاسایانە و پێکهێنانی ئۆرگانی دیاریکردن و بەکردەوەدەرهێنانی حوکم بە خەرجی کۆمەڵگە، بۆ ئەوان کەم هەزینەتر لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییانەیە کە بوونەتە هۆکاری تاوان و جەنایەت. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بە جێبەجێ کردنی سزای ئێعدام ئەوپەڕی داماوی و بێتوانایی خۆی لەئاست ڕیشەکێش کردنی تاوان و ئازارە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات

بێگومان نیزامێک کە ئامرازی دیفاعەکەی جەلاد بێت، حورمەتێک بۆ مرۆڤ دانانێت ولەناوبردنی نەیارانی بە بابەتێکی ئاسایی دەزانێت و بە دیفاع لە حورمەت و ماف و ئەمنییەتی هاووڵاتییانی لەقەڵەم دەدات. کارنامەی کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی ئەم وەحشیگەرییە نیشان دەدات. قەتڵوعامی بەندکراوانی سیاسی لە مانگەکانی کۆتایی هاوینی ساڵی شەست و حەوت، قەتڵە زنجیرەییەکان لە پاییزی ساڵی حەفتا و حەوت، وەبەرگوللەدانی کرێکارانی خاتوون ئاباد، کوشتنی کۆڵبەران لە کوردستان و سووختبەران لە بەلووچستان، سەرکوتی خوێناوی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨، کوشتنی دەیان کەس لە جەریانی ئاخێزی بەفرانباری ٩٦، کوشتاری زیاتر لە هەزار و پێنجسەد کەس لە مانگی خەزەڵوەری ٩٨، کوشتنی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە ناڕازییان لە گەرمەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و شەپۆلەکانی ئێعدام لەم ساڵانەی دواییدا، تەنیا چەند نموونەن لە سیاسەتی جەنایەتکارانەی ئەم ڕژیمە لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا

هەموو جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی نیشانەی ئەو ڕاستییە کە ڕژیم بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی هیچ ڕێگایەکی بێجگەلە سەرکوت، ئێعدام و ئەشکەنجە نییە. ئەم دەسەڵاتە ڕەمزی مانەوەی خۆی لە پشت بەستن بە ستراتێژی سەرکوتدا دەبینێت. تەنانەت کاتێک تاوانبارانی ئاساییش ئێعدام دەکات، ئامانجی چاوترسێن کردنی کۆمەڵگە و ترساندنی نەیارانی نیزام و بەتایبەت ئەوانەیە کە سوورن لەسەر ئەوەیکە بەشێوەی شۆڕشگێڕانە ڕژیم بڕووخێنن. بەڵام سەرەڕای هەموو بێبەزەیەتی و وەحشیگەرییەک کە ڕژیم دەینوێنێت، شەپۆلی ئێعدام و سەرکوت، کۆمەڵگەی چاوترسێن نەکردووە و خەبات لەدژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادی زیندانییانی سیاسی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات

کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لە ٥٧مین هەفتەدا، لەڕێگەی ڕاگەیاندنێکەوە لەڕێکەوتی ٧ی ڕەشەممەی ١٤٠٣ ڕایگەیاند کە زیندانی چووبیندەری قەزوینیش بەم کەمپەینە پەیوەست بووە. بەگوێرەی ئەم ڕاگەیاندنە بەندکراوان لە سەرتاسەری ئێران، وێڕای زیندانی چووبیندەری قەزوین کە بە کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام پەیوەست بووە، ڕۆژی ٧ی ڕەشەممە لە ٣٧ زیندانی ئێران بۆ پەنجاو حەوتەمین سێشەممەی بەردەوام لەدژی سزای ئێعدام مان لە خواردن دەگرن.

بەپێی ڕاگەیاندنی ئەم کەمپەینە "ڕۆژی یەکشەممە ٥ی ڕەشەممە، داوای پێداچوونەوەی حوکمی بەندکراوانی سیاسی مێهدی حسێنی و بێهرووز ئێحسانی کە پێشتر بە ئێعدام مەحکووم کرابوون، لەلایەن دیوانی باڵاوە ڕەت کراوەتەوە و ئەم دوو زیندانییە مەترسی جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامیان لەسەرە. هەروەها زیندانییانی وەک پەخشان عەزیزی و وریشە مورادی لە زیندانی ئێڤین، شەریفە محەممەدی لە زیندانی لاکانی ڕەشت و زۆر زیندانی دیکە ئەم مەترسییەیان لەسەرە".

لە بەشێک لە ڕاگەیاندنەکەی کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدامدا تەئکید کراوە کە: "ئەندامانی کەمپەین لە دیفاع لە «مافی دادخوازی» بەتایبەت بۆ ئەو هاووڵاتییانەی کە ئازیزانیان لە «مافی ژیان» بێبەری کراون، خوازیاری ئازادی هەموو دادخوازانی بەندکراون. بەتایبەت ناهید شیرپیشە – موعەلیمی دادخواز و دایکی نەمر پوویا بەختیاری کە لە ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨دا گیانی بەختکرد. بەداخەوە ئەم دایکە جەرگسووتاوە هەفتەی ڕابردوو بەهۆی فشارەکانی زیندان و ناوەندە ئەمنیەتییەکان دەستی دایە خۆکوژی. بێگومان ئەو ڕۆژە دێ کە دادپەروەری دێتە دی و بڕیاردەران و ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە موحاکمە دەکرێن"

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەناو قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و حکوومەتیدا دەست و پێ لێدەدات و توانای دابینکردنی لانیکەمەکانی ژیان، نان، ئاو، بەرق و تەنانەت هەوای پاکی بۆ هەناسەکێشان نییە، شمشیری لە ڕووەوە بەستووە و هەموو ڕۆژێ خەڵک ئێعدام دەکات. پێویستە لەم بارودۆخەدا بە هەر شێوەیەک کە دەتوانین لە هەڵمەتی "نا بۆ ئێعدام" پشیتوانی بکەین. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە توانا و وزەی خۆیان لەپێناو سەرانسەری کردنەوەی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ زەمینگیرکردنی ماشێنی ئێعدام و سەرکوتی دەوڵەت بەکار بێنن. ناڕەزایەتی دژبە سزای ئێعدام و کوشتنی لەئانقەستی دەوڵەت، بەدەر لەوەیکە ئەم سزایە بۆ لەناوبردنی زیندانییانی سیاسی بێت یان تاوانبارانی ئاسایی، ئەرکی هەموو ئەو ئینسانانەیە کە ئاسۆی ڕزگاری لە دوارۆژی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی مژدە دەدەن. کۆمۆنیستەکان ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنن کە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامن و بۆ نەمانی ئەم سزایە لێبڕاوانە خەبات دەکەن

❊❊❊




## سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە

# کۆمەڵە داکۆکیکاری لێبڕاوی کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی لە کوردستانە

یەکێک لە ئەولەوییەتەکانی کۆمەڵە ئاگادارکردنەوەی هەرچی زیاتری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە ڕێگاچارەی کۆمۆنیستەکان بۆ مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستانە. پێویستە هەوڵ بدرێت ڕێگاچارەی واقعبینانە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستان هەرچی زیاتر هۆگرایەتی کۆمەڵایەتی بەدەست بێنێت. هەروەک زۆر جار تەئکیدمان لەسەر کردووە، کۆمەڵە خوازیاری مافی دیاریکردنی چارەنووس بەمانای مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆشە بۆ خەڵکی کوردستان. بەڵام دابینکردنی بارووددۆخێک کە تێیدا خەڵکی کوردستان بتوانن بە بێ نیگەرانی لە هەڕەشە و داسەپاندنی گوشاری نیزامی، پۆلیسی، سیاسی و ئابووری و هیتر ئازادانە لەم مافەی خۆیان کەڵک وەرگرن، لە گرەوی خەبات بۆ سەرهەڵدانی قۆناغێکی شۆڕشگێڕانە لە ئێران، ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکە کە بەشێوەی کردەوەیی گشت مافە دیموکراتیکەکانی خەڵک دابین بکات. هەربۆیە تەنیا ڕێگای واقعبینانەی چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بەشداری لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری بەئامانجی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵاتی ئیسلامی و دابینکردنی ئازادی دیموکراتیک و ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسییە

بەڵام کۆمەڵە لە باردووۆخێکدا لەسەر ستراتێژی سۆسیالیستیی خۆی لەپێناو چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی پێداگری دەکات کە ناسیۆنالیسمیش کۆمەڵگای کوردستانی خستووەتە ژێر کاریگەریی سیاسەت و کردەوەی خۆیەوە. ئەگەرچی نوتفە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە کوردستان لە قالبی کاردانەوەی فیۆدالی مەحەلی بەرامبەر بە دەستدرێژی دەوڵەتی ناوەندی خۆی نیشان دا و لە لایەن هێندێک خان و شێخی سەرشناسەوە ڕێبەری دەکرا، بەڵام لەگەڵ زەواڵی نیزامی فیۆدالی و سەرهەڵدان و گەشەی سەرمایەداری لەم ناوچەیە، ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیستی ڕەخنەی کردە ناو چین و توێژە تازەسەرهەڵداو و خۆشبژێوەکان و بوو بە ئایدیۆلۆژی زاڵی بۆرژوازیی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو و توێژە مامناوەند و وردەبۆرژواییەکانی کوردستان. ناسیۆنالیسم ئایدیۆلۆژی و ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی دیاریکراوە کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەروەک باقی کۆمەڵگاکانی دیکە هاوزادی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری لەپەنا باقی بزووتنەوە سیاسی و چینایەتییەکان، بووەتە بزووتنەوەیەکی سیاسی. ئەحزابی سیاسی و کۆمەڵێک بەرنامەی سیاسی جۆراوجۆر بەپێی ئەم ئایدیۆلۆژییە و لەسەر بەستێنی ئەم ئاراستە کۆمەڵایەتییە دامەزراون و داڕێژراون. ئەم ئایدیۆلۆژییە خاوەنی جیهانبینی، ستراتێژی سیاسی، کلتوور و سوننەتی تایبەت بە خۆیەتی. مێژووی گەشە و پەرەسەندنی سەرمایەداری نیشانی داوە کە ئایدیۆلۆژی و بەرنامەی ناسیۆنالیسم بەپێی پێویستی سەرمایەداری بە پێکهێنانی بازاڕی ناوخۆیی و پاوانکردنی ئەم بازاڕە لە چوارچێوەی سنوورە دیاریکراوەکان و زەرووەرەتی پاراستنی ئەم سنوورانە بەزەبری هێزی جەماوەری جێگیرکراو لەم ناوچانە، شکڵی گرتووە. ناسیۆنالیسم، کلتوور و ئەدەبیات و هونەر و سەمبۆلی تایبەت بەخۆی بۆ ئاسان کردنەوەی بابەتی هێنانە مەیدانی جەماوەر لە خزمەت وەدیهێنانی ئەم ئامانجە چینایەتییە خولقاندووە. بەڵام ئەمڕۆ کە لەگەڵ گەشەی بەرچاوی سەرمایەداری و جیهانی بوونەوەی ئەم سیستەمە، هەموو سنوورێک بەرەوڕووی حەرەکەتی کاڵا و سەرمایە کراوەیە، پایە ئابوورییەکانی ئەم ئایدیۆلۆژییە واتە پێکهێنانی بازاڕی ناوخۆیی و نەتەوەیی لەناوچووە. سەرمایەدارانی کوردستانیش هەنگاو هەڵگرتن بەرەو تێکەڵبوون لەگەڵ بازاڕی جیهانی، لەپێناو بەرژەوەندی چینایەتیی خۆیاندا دەبینن. لەئێستادا مانەوەی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان لە بێمافی سیاسی و ئیداری، کلتووری، دواکەوتووڕاگرتنی کوردستان لەبواری ئابووری و پێکهاتەی لاوازی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کە دووکەڵەی لە بنەڕەتدا دەچێتە ناو چاوی کرێکاران و



زەحمەتکێشانی کوردستانەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی نیشان دەدات. ناسیۆنالیسم لە بوونی ئەم بێمافی و ستەمانە تەغزییە دەکات و حزووری خۆی لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا پاراستووە. بەڵام لەو جێگەوە کە بە حوکمی ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی چەند دەیەی ڕابردوو، چینی سەرمایەدار و توێژە خۆشبژێوەکانی کۆمەڵگا هاندەرێکیان بۆ خەبات لەپێناو چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی نییە و حیزبە ناسیۆنالیستەکانیش بەحوکمی هەر ئەم گۆڕانکارییانە زیاتر لە ڕابردوو لە ئاراستە و ئاواتەکانی پێگەی چینایەتی خۆیان واتە سەرمایەداران و خاوەنانی سەروەت و توێژەکانی سەرەوەی چینی مامناوەند نزیک بوونەوە، لەجیات ئەوەیکە چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی بکەنە ئامانج، تەنیا بە وەدەستهێنانی بەشێک لە دەسەڵاتی خۆجێیی، لە هەر ڕێگەیەکەوە، ڕەزایەت دەدەن. کەوابوو ئەرکی مێژوویی چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی و هەرجۆرە گۆڕانکارییەکی دیموکراتیک لە کۆمەڵگادا کەوتووەتە سەر شانی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەم چینە

چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هێزی بزوێنەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانن، و کۆتایی هاتنی ستەمی نەتەوایەتیش لە گرەوی پێشڕەوی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە لەم خەباتەدایە. بەڵام سەرەڕای ئەوەیکە ئەمڕۆ لە کوردستان دووکەڵی ستەمی نەتەوەیی زیاتر لە هەموان دەچێتە ناو چاوی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشەوە، بەم حاڵەوە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش تەنیا بۆ خواستی چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی نەهاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەملێکراوی کوردستان خواستی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕوونی خۆیان هەیە کە بەبۆنەی جۆراوجۆرەوە ڕایدەگەیەنن. کۆمەڵە بەهەر ڕادەیەک کە بتوانێ بە حزووری لە خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە و بە پێداگری لەسەر خواستەکانی، ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە بەشێوەی ڕێکخراو بێنێتە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە، گشت ڕەوتی سۆسیالیستی بۆ ڕێبەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و وەدیهاتنی بەرنامەکەی بۆ چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی دەخاتە پێگەیەکی باشترەوە

لە گەڵاڵەی کرێکاران بۆ چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان، کە لە یەکەمین ڕۆژی سەرکەوتنەوە هاوڕێ لەگەڵ بەرنامەی لانیکەم لەبواری دابینکردنی خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ئازادییە سیاسییەکان، بەڕەسمی ڕادەگەیەندرێت و بەکردەوە دەردێت، گشت ئۆرگان و ناوەندی نیزامی و ئەمنییەتی و هیتر کە ئامرازی داسەپاندنی ستەم و هەڵاواردنن، کۆدەکرێنەوە. هەموو یاسا و بەربەستە ئیدارییەکان کە بەپێی هەڵاواردن شکڵیان گرتووە هەڵدەوەشێنەوە. بەڕێوەبەری کاروباری کوردستان و بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا بە شوراکانی هەڵبژێردراوی خەڵک لەئاستە جۆراوجۆرەکان و شورای نوێنەرانی سەرتاسەری کوردستان دەسپێردرێت، ئەم شوڕایانە هەم یاسادارێژەرن و هەم بەڕێوەبەری یاساشن. بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ پەرەپێدانی ناوەندەکانی بەرهەمێهان و قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووری بەهۆی هەڵاواردنی نەتەوەیی بە خەرجی دەوڵەتی ناوەندی بەکردەوەدەردێت. لەڕێگەی بردنەسەرەوەی ئاستی پەروەردەی بەخۆڕایی لەوانە فێرکاری تێکنیکی و پیشەیی، بردنەسەرەوەی ئاستی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و گشتی و هیتر، ئیمکانی ڕاستەقینە بۆ بەهرەمەندبوون لە مافی بەرابەر بۆ خەڵکی کوردستان دەخولقێت. نوێنەرانی شورا سەرانسەرییەکانی کوردستان بەبێ هیچ جۆرە شەرت و مەرجێک لە ئۆرگانە سەرانسەرییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئێراندا بەشداری دەکەن

بە وەدیهێنانی ئەم بارووددۆخە و بە گرتنەبەری سیاسەتی وشیارانەی پەروەردە و کلتووری، ئەگەری هەرجۆرە نابەرابەرییەک لەنێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەناو دەچێت و پێناسەی ئینسانی کەسانی سەربە ئێتنیک و نەتەوە جۆراوجۆرەکان و ڕێگای تێکەڵبوونیان لەگەڵ یەکتر هەموار دەکرێت. وەها کۆمەڵگایەک لەگەڵ ستەمی نەتەوایەتی نامۆ دەبێت. لە وەها هەلومەرجێکدا کێشانی هەرجۆرە حەسارێک بەدەوری کوردستان بەمانای سپاردنی بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵگایە بە هاوسەنگیی هێزی سیاسی و چینایەتی، بە مانای بێبەری کردنی کرێکارانی کوردستان لە دەستکەوت و پشتیوانی هاوچینەکانی خۆیان لەئاستی سەرتاسەرییە. بوونی ئاسۆیەکی سەرانسەری، هاوڕێ لەگەڵ کرێکاران و هەموو خەباتکارانی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیست لە ئێران ئاسانترین و کەم دەردیسەرترین ڕێگای چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی و وەدیهاتنی ئامانج و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانە

دیارە لەگەڵ پێکهاتنی وەها بارووددۆخێکی دیموکراتیک ئەوە خەڵکی کوردستانن بڕیار دەدەن کە چۆن لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان کەڵک وەربگرن. لە وەها بارووددۆخێکدا بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی جیهانی و کۆمەڵێک هۆکاری مەحەلی و ناوچەیی و بارووددۆخی بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئێمە مانەوە لە چوارچێوەی ئێران و بەشداری خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتی سەرانسەری و شورایی کرێکاران و زەحمەتکێشان پێشنیار دەکەین.

***

# ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی حەسەن نەسروڵڵا، هەوڵێکی سەرشۆڕانە بۆ نیشاندانی دەسەڵات

ڕۆژی یەکشەممە ٥ی مانگی ڕێبەندان لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە زۆر پێشترەوە کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا ئامادەکارییان بۆ کردبوو، تەرمی حەسەن نەسروڵڵا سەرۆکی حیزبوڵڵای لوبنان دوای پێنج مانگ بۆ جارێکی تر نێژرایەوە. حەسەن نەسروڵڵا ٦ی مانگی ڕەزبەر لە جەریانی بۆمبارانی ئیسرائیلدا لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە ڕێبەرانی حیزبوڵڵا و سپای پاسداران لەوانە عەباس نیلفروشان فەرماندەی هێزەکانی قودسی سپای پاسداران، لە ناوچەی "زاحیە" لە باشووری بەیرووت کوژران. لە هەمان ڕۆژدا هاوکات تەرمی "هاشم سەفییەدین" سەرۆکی شورای ئیجرایی حیزبوڵڵا و خەزووری کچی قاسم سولەیمانی، کە چەند ڕۆژ دوای حەسەن نەسرەوڵڵا کوژرا، لە گۆڕ دەرهێندرایەوە و دوای تەرمگێرانی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی، بۆ بە خاکسپاردنی دووبارەی ڕەوانەی گوندێک لە باشووری لوبنان کرا کە لەوێ لەدایک ببوو

گۆڕ هەڵدانەوە و گواستنەوەی تەرمی حەسەن نەسرڵڵا بۆ نزیک ڕێگای فرۆکەخانەی نێونەتەوەیی ڕەفیق حەریری بەیرووت لەو ڕۆژەدا، لەڕاستیدا مانۆڕێکی سیاسی بەئامانجی نیشاندانی دەسەڵات، پێدانی وره بە هێزەکانی خۆیان و بەئامانجی نیشاندانی زیندوو بوونی حیزبوڵڵا و بەناو "میحوەری موقاومەت" ئەنجام درا. لەم پەیوەندییەدا عەلی دەعمووش بەرپرسێکی باڵای حیزبوڵڵا داوای لە خەڵکی لوبنان کرد کە لە هەموو ماڵ و گوند و شارێکەوە وەرن با بە دوژمن بڵێین کە ئەم موقاومەتە هەروا بەردەوامە. عەلی خامنەیی بەدوای شکستی یەک لە دوای یەکی هێزەکانی "میحوەری موقاومەت" و شکستی "ستراتیژی شەڕ پێشگرانەکەی"، یەکجار پێویستی بە وەها شانۆیەک بوو تا بە خەیاڵی خۆی وڵامێک بداتەوە بە نەیارانی سیاسەتە ناوچەییەکانی لە ناوخۆدا. لەم پەیوەندییەدا عەباس عێراقچیش وتی: "لەو ڕێوڕەسمەی ئەوڕۆدا دنیا دەبینێ کە موقاومەت زیندوویە، حیزبوڵڵا زیندوویە". بۆ ئەم ئامانجە کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی دەیان هەزار کەس لە هەوادارانی خۆیان لە حیزبوڵڵای لوبنانەوە بگرە هەتا هێزەکانی حەشدی شەعبی و حوسییەکانی یەمەن و حەماس و جەهادی ئیسلامی غەززە و پاشماوە وەفادارەکانی بەشار ئەسەد لە سووریە لە مەیدانی وەرزشی کامیل شەمعوون کۆبکەنەوە

خامنەیی هەیئەتێکی چوار کەسی لەوانە موجتەبا حسێنی نوێنەری خۆی لە عێراق ڕەوانەی بەیرووت کرد تا پەیامەکەی لەم ڕێوڕەسمەدا بخوێنێتەوە. ئەو لە پەیامە پڕ لە هەڵیت و پڵیتەکەیدا، حەسەن نەسرەوڵڵای بە ڕێبەری پێشەنگی موقاومەت لە ناوچەکە ناوزەد کرد و ئیدعای کرد کە "موقاومەت لە بەرامبەر داگیرکاری و زوڵم و ئیستکباردا کۆتایی نایە". نەعیم قاسم ڕێبەری حیزبوڵڵاش بەهۆی نیگەرانی ئەمنیەتی لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشداریی نەکرد و پەیامێکی لەپێشدا زەبتکراو یان لەڕێگەی ئاڵاینەوە بۆ کۆبوونەوەکە بڵاوکردەوە. ئەو لە پەیامەکەیدا بەشێوەیەکی بەئاشکرا ناتەبا، لەلایەکەوە لە بڕیاری نەزانانەی حەسەن نەسرڵڵا بۆ چوونە ناو شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل ستایشی کرد. واتە ئەو شەڕەی کە بووە هۆی کوژرانی هەزاران کەس لە ڕێبەران و بەرپرسان و کەسانی سەربە حیزبوڵڵای لوبنان و بووە هۆی وێران بوونی بەشێکی زۆر لە بینا و ژێرخانەکانی زاحیەی باشووری بەیرووت و شار و گوندەکانی دیکە و بووە هۆی لەناوچوونی دامەزراوە نیزامییەکانی ئەم گرووپە. هەروەها لەلایەکی دیکەوە دانی بەوە دانا کە: "درێژەی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بەقازانجی لوبنان نەبوو. هەربۆیە ئاگربەستی بە هەموو مەرجەکانی ئیسرائیلەوە قەبووڵ کردووە"

نەعیم قاسم لە پەیامەکەیدا ڕوو بە حەسەن نەسرڵڵا بەڵێنی دا کە "پابەند بە عەهد و پەیمانە" و ڕێگای درێژە دەدات. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ئەرتەشی داگیرکەری ئیسرائیل، سەرەڕای ئاگربەست چەند کاتژمێر دوای دەستپێکی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمەکان، هێرشی کردە سەر باشووری لوبنان و بۆ نیشاندانی هێز و دەسەڵاتی خۆی هاوکات لەگەڵ



بڵاوکربوونەوەی وتەکانی نەعیم قاسم فڕۆکە جەنگییەکانی لە بەرزاییەکی زۆر نزمدا بەسەر ڕێوڕەسمەکەدا دەگەڕاند. وەزیری شەڕی ئیسرائیل لەم پەیوەندییەدا بە بێ ناوهێنانی کۆماری ئیسلامی وتی: "ئەم چالاکییە هەڵگری پەیامی ڕوون و ئاشکرای ئێمە بۆ ئەو کەسانەیە کە هەڕەشەی نابوودی لە ئیسرائیل دەکەن"

"جۆزێف عەون" سەرۆک کۆمار و "نواف سەلام" سەرۆک وەزیرانی تازەی لوبنان کە سەرەڕای دژایەتییان لەگەڵ حیزبوڵڵا بۆ ئەم پۆستانە هەڵبژێردران، ئەگەرچی بەفەرمی لەلایەن حیزبوڵڵاوە دەعوەت کرابوون، بەڵام لەم ڕێوڕەسمەدا بەشدارییان نەکرد و هەر کام نوێنەرێکیان لە جیاتی خۆیان ناردبوو. ئەم کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە لە کاتێکدا بوو کە بارودۆخی باکووری بەیرووت و بەگشتی باکووری لوبنان ئاسایی بوو و خەڵکی ئەو ناوچانە کە لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لەلایەن حیزبوڵڵا و کۆماری ئیسلامییەوە شەڕ و تیرۆر و ڕفاندن و نائەمنی و ژان و ئازاری زۆریان بەسەردا سەپاوە، لەم ڕێوڕەسمەدا بەشدار نەبوون. بەڵام نەعیم قاسم ئەو مەراسیمەی بە نیشانەی "یەکگرتوویی نەتەوەیی" ناوبرد

لە وەها بارودۆخێکدا خامنەیی بە کەڵک وەرگرتن لەم دەرفەتە پاسدار قالیباف و عەباس عێراقچی بەشێوەی جیاواز و بە ئامانجی بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی تازەی لوبنان ڕەوانەی بەیرووت کرد. بە هیوای ئەوەیکە بتوانێ لە دیدار لەگەڵ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی نوێی لوبناندا کە هیچ کامیان کۆماری ئیسلامییان خۆش ناوێ، دووبارە جێ پێیەک بۆ درێژەدانی سیاسەتی شەڕخوازانەی لە لوبنان بەدەست بێنێتەوە. بەڵام جۆزێف عەون سەرۆک کۆماری لوبنان و نواف سەلام بەشێوەی ڕاشکاوانە و ڕوون وڵامی ڕەتیان بە کۆماری ئیسلامی دایەوە. عەون وتی:"لوبنان بەهایەکی قورسی بۆ مەسەلەی فەلەستین داوە و وڵاتەکەی لە شەڕی ئەم و ئەو لەناو خاکی خۆیدا ماندوو بووە". دەوڵەتی لوبنان ڕایگەیاندووە کە چەک تەنیا دەبێ لە دەستی دەوڵەتدا بێت. پارت و لایەنە سیاسییەکانی لوبنانیش داوایان لە حیزبوڵڵا کردووە کە بەپێی بڕیارنامەی ١٧٠١ی شورای ئەمنیەت، چەک دابنێت و وەک لایەنێکی سیاسی چالاکی بکات. بێگومان ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی حیزبوڵڵا و خامنەیی ناتەبایە کە چەندین دەیە تەپڵی لەناوچوونی ئیسرائیل دەکوتن و مەوجوودییەتی خۆیانی پێ پێناسە دەکەن

دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە حیزبوڵڵا بۆ ناردنی چەک و کەرەستەی نیزامی لەپێناو درێژەدانی سیاسەتی شەڕخوازی بەتایبەت لەدوای ڕووخانی ڕژیمی بەشار ئەسەد دژوارتر بووتەوە. پێگەی حیزبوڵڵا لە لوبنانیش دوای کوژرانی حەسەن نەسرڵڵا و ئەو زەربانەی لە جەریانی تەقینەوەی بێسیمەکان و بۆمبارانەکانی ئیسرائیلدا بەری کەوت، یەکجار لاواز بووە و بەدەنەی ڕێبەری سیاسی و نیزامی حیزبوڵڵا لێکهەڵوەشاوە. نوێنەرێکی حیزبوڵڵا لە پارلەمانی لوبنان دانی بەوە دانا کە: "لە سەرەتای هاتنە سەر کاری جۆزێف عەونەوە دەستی هاوکاریمان بەرەو ئەو ڕاکێشا، بەڵام زۆر زوو دەستمان پەڕی". واقعییەت ئەوەیە کە حزووری شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی و وجوودی حیزبوڵڵا لە لوبنان، بووەتە هۆی ئەوەیکە لوبنان کە سەردەمانێک پێی دەوترا بووکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ چەندین ساڵ لە قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، نیزامی و کۆمەڵایەتیدا نوقم بێت. ئابووری لوبنان نابوود بووە و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی لوبنان تووشی هەژاری و برسیەتی و بێکارییەکی زۆر بوون. بێگومان لاچوونی سێبەری نەگبەت و کارەساتباری کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا دەبێتە دەرفەتێک بۆ ئەوان

***

بو بینینی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی
ئاڵتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی
هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی
ئەم سایتە بکەن:
alternative-shorai.tv

# دانپێدانانی پزشکیان بە گەندەڵی و ئیفلاسی حکوومەتی ئیسلامی

مەسعوود پزشکیان کە وەک سەرۆک کۆماری بێدەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی بە دەستی بەتاڵەوە سەفەر بۆ شارەکانی ئێران دەکات جگە لە وادە و بەڵێنی درۆینە لە بواری چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی خەڵک، هیچتی تری لەدەست نایە. ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی مانگی ڕەشەممە لە سەفەرەکەیدا بۆ شارەکانی دەوروبەری تاران لە وتارێکدا بۆ پاساوکردنی بێتوانایی حکوومەتی ئیسلامی لە وڵامدانەوە بە داخوازی و پێداویستییە ئابوورییەکانی خەڵک، بۆ جارێکی تر بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دانی بە ئیفلاس و داماوی کۆماری ئیسلامی دانا. پزشکیان کە قەیرانە قووڵ و جۆراوجۆرەکانی ڕژیم بە "ناتەرازی" ناو دەبات، وتی: "ئێمە لە هەموو بوارەکاندا ناتەرازیمان هەیە. لە بواری ئاو، بەرق، گاز، سووتەمەنی، دەرمان، خوێندنگا، زانکۆ. چاو لێکەن ئەو هەمووە خوێندکارەمان پەروەردە کردووە، بەڵام هەموویان بێکارن"

پزشکیان بۆ خەتابار نەکردنی خۆی، ڕوو لەو کەسانەی لەژێرناوی شارەزا کۆیان کردبوونەوە، بە زمانێکی عامیانە وتی: "پێتان وایە من کێم؟ ٦ مانگ لەوەپێش لە مەجلیس قەدەمم لێدەدا و ئێستاش بوومە سەرۆک کۆمار. خۆ من سندووقی سیحراویم پێ نییە کێشەکانی پێ چارەسەر کەم. بەڵام هەوڵی خۆم دەدەم، وە دەبێ هەموومان هەوڵ بدەین کێشە و گرفتەکان چارەسەر بکەین. ئەگەر ئیرادە بکەین دەتوانین". پزشکیان لە بەشێکی تردا دانی بە بۆشایی چینایەتی نێوان بەرپرسان و خەڵک و گەندەڵی ناو حکوومەت دانا و وتی: "لە کاتێکدا کە کەسێکی نەخۆش بۆ چارەسەرکردنی خۆی ماڵ و ژیانی دەفرۆشێت و دەیکاتە خەرجی دەرمان، زۆرێک لە بڕیاردەران و بەرپرسانی حکوومەت، خزمەتگوزاری دەرمانییان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی جیاوازە

بەڵام پزشکیان لە هەموو ئەم بوارانەدا خۆی لە گێلی و نەزانی دەدات. ئەو وەک سەرۆک کۆماری ڕژیم باش دەزانێ کە سەروەت و ئیمکاناتی بەرینی کۆمەڵگا کە لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتەوە دەستی بەسەردا گیراوە چۆن دابەش دەکرێت. ئەو باش دەزانێ کە ئەولەوییەتی خامنەیی و فەرماندەکانی سپای پاسداران بۆ بوودجەبەندی، ژیان و گوزەرانی خەڵک نییە. باش دەزانێ کە ئەوان لەسەر سەری "دەوڵەتی تەداروکچی"یەوە فەرمان بە بەرپرسانی بەرنامە و بوودجە، بانکی مەرکەزی و وەزارەتی ئابووری دەدەن و چارەسەرکردنی بەقەولی پزشکیان ناتەرازییەکان، دابینکردنی ئاو و بەرق و گاز و پێداویستییەکانی خەڵک هیچ بەلایانەوە گرینگ نییە. پزشکیان خۆی باش دەزانێ کە تەنیا ٣٠% لە گشت بوودجەی حکوومەت بۆ کاروباری کۆمەڵگا دەدرێتە دەوڵەت کە بەشێکی زۆری دەکرێتە خەرجی هێزی سەرکوتگەری نیزامی و دامودەزگا جۆراوجۆرە ئەمنییەکان و ناوەندەکانی پەرەپێدانی جەهل و خورافەی حکوومەتی ئیسلامی

بۆ نموونە بوودجەی سەدا و سیما کە لەژێر چاودێری شەخسی خامنەییدایە، بۆ ساڵی ١٤٠٤ کراوەتە ٤٣ هەزار ملیارد تمەن. سازمانێکی درۆزن و بێ ئیعتبار کە بە قسەی خودی بەرپرسانی حکوومەت دوای ٤٥ ساڵ تەنیا ١٢%ی خەڵکی ئێران گوێ دەدەنە هەواڵەکانی. هەروەها ٣٠ هەزار ملیارد تمەنیش بە بوودجەی ناوەندەکانی تەبلیغاتی ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی زیاد کراوە. هەمووی ئەم سەروەتە بەرهەمی ڕەنج و کاری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگایە کە دەدرێتە ئاخوند و



مەداحە مفتەخۆرەکان. لەڕاستیدا ئەم خەرجییانە بۆ ڕژیمیش هیچ قازانجێکی نەبووە. چونکە لە سەردەمی تێکنۆلۆژی و زانیاریدا خەڵکی ئێران هیچ بایەخێک بە تەبلیغاتی خورافی ئیسلامی نادەن و حکوومەتی ئسیلامی ناتوانێ بەم هەوڵانەی لاوان و جیلی نوێی ئەم کۆمەڵگایە فریو بدات.

٧٠%ی باقی پارە و ئیمکاناتی کۆمەڵگا لە ئیختیاری خامنەیی و فەرماندەکانی سپای پاسداراندایە و هیچ کەسیش لێپرسینەوەیان لێناکات. بەشێکی زۆر لەو ٧٠% دەکرێتە خەرجی ستراتێژی مانەوەی حکوومەت لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران. تێچووی سیاسەتی ئەتۆمی و مووشەکی، کرێی هێزە ئەمنی و نیزامییەکان کە بەپێچەوانەی حەقدەست و مووچەی کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران و خانەنشینان، هەموو ساڵێ چەند بەرابەر دەبێت، لەو ٧٠%وە دەدرێت. هەروەها ئەو سندووقە دۆلارانەی کە دەدرێتە هێزە تیرۆریست و کۆنەپەرستەکانی "میحوەری موقاوەمەت" بەشێکە لە هەزینەی ستراتێژی مانەوەی حکوومەتی ئیسلامی. هەر لەماوەی ئەم هەفتەیەدا هەیئەتێک لە گرووپی "جەهادی ئیسلامی"ی فەلەستین بە سەرۆکایەتیی زیاد نەخالە بۆ وەرگرتنی پارە سەردانی خامنەییان کرد و دوای ئەو دیدارە بەخاتری وەرگرتنی دۆلارەکانیان لە پاسدار "ڕەمەزان شەریف" سەرۆکی ستادی ناوەندی ئینتفازە و قۆدسی شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوی تەبلیغاتی ئیسلامی، دەستخۆشییان کرد و پێیان ووت کە پێویستییەکی یەکجار زۆریان بەم پارەیە بووە. لە نموونەیەکی دیکەدا نەعیم قاسم ڕێبەری حیزبوڵڵای لوبنان و جێگری حەسەن نەسروڵڵا، چەند هەفتە لەمەوبەر سوپاسی خامنەیی کرد بۆ ئەو ٧٧ ملیۆن دۆلارەی کە وەریگرتبوو بۆ ئەوەی ئەندامانی حیزبوڵڵای لوبنان بتوانن ماڵەکانیان بنیات بنێنەوە. پێویستە بوترێ کە ئەم خەرجیانە دەبنە دەرفەتێکیش بۆ دزی و گەندەڵی بەرپرسانی باڵای حکوومەت و سپای پاسداران

درێژەی سیاسەتی شکستخواردوو و پرهەزینەی ستراتێژی شەڕی پێشگرانەی حکوومەتی ئیسلامی کە بووەتە هۆی داسەپاندنی زۆرترین گەمارۆ و فشار، جیا لە پەرەپێدانی شەڕ و نائەمنی لە ناوچەکە، هۆکارێکی گرینگیشە لە زیاتر هەژارکردنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران. پێکهێنانی کەشوهەوای پڕ لە گرژی و ناسەقامگیری ئابووری بەتایبەت لەگەڵ هاتنەوە سەر کاری دووبارەی ترامپ بووەتە هۆی ئەوەیکە قەیرانی ئابووری حکوومەتی ئیسلامی زیاتر لە ڕابردوو پەرەبستێنێت. هەر لەم ماوە کورتەدا بەهای دۆلار کە پێوەری دیاریکردنی بەهای دراوەکانی دیکەیە، گەیشتە سەرووی ٩٤ هەزار تمەن. کارناسانی ئابووری، دۆلاری زیاتر لە ١٠٠ هەزار تمەن و تەوەرۆمی ٥٠ لەسەدیان هەتا کۆتایی ئەمساڵ پێشبینی کردووە. ئەوەش بە مانای کەمتربوونەوەی توانای کڕینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە. وەها بارودۆخێکی سەخت و دژوار لە کاتێکدایە کە شۆرای باڵای کاری ڕژیمی سەرمایەدارانی ئیسلامی، باس لە بردنەسەری تەنیا ٢٠ لەسەدی لانیکەمی حەقدەست بۆ ساڵی ١٤٠٤ دەکات. ڕێژەی تەوەرۆمی گشتی کە بەپێی یاسای کاری ڕژیم دەبێ یەکێک لە پێوەرەکانی دیاریکردنی حەقدەست بێت بەپێی ئامارەکانی خودی حکوومەت لەسەرووی ٤٠%دایە. هەزینەی سەبەدی مەعیشەتیش کە پێورێکی دیکەیە لە دیاریکردنی حەقدەستدا، گەیشتووەتە سەرووی ٤٧ ملیۆن تمەن. ئایا بەڕاستی لە وەها بارودۆخێکدا جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەتوانن بە حەقدەستێکی ١٠ تا ١٥ ملیۆنی ژیانیان دابین بکەن؟ بێگومان ئەوان سەرەڕای هەرجۆرە هەڕەشە و توندوتیژییەکی ناوەندە سەرکوتگەرەکان، ناتوانن لە بەرامبەر داسەپاندنی ئەم بارودۆخە بەسەر ژیانیاندا بێدەنگ بن. درێژە و پەرەپێدانی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی جەماوەری تەنیا بژاردەیانە بۆ تێکشکاندنی پایەکانی ئەم دەسەڵاتە دژەئینسانە.

***

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری**

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بە بۆنەی گیانبەختکردنی ٦ شاخەوان لە بەرزاییەکانی "حەوت تاش"ی بانە

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە بەدەستمان گەیشتووە، لە ئەنجامی هەڵمەتێکی شاخەوانی کە لە لایەن گرووپەکانی شاخەونی "پاژین" و "سوورکێو"ی بانە و هەروەها گرووپێکی شاخەوانی شاری بۆکان لە کوێستانەکانی حەوت تاش لە ٢٠ کیلومێتری جادەی بانەمەریوان ڕێکخرابوو، ڕۆژی هەینی ١٠ی ڕەشەممە بەهۆی هەرەسی بەفرەوە، بەداخەوە شەش کەس لە شاخەوانەکان بە ناوەکانی "عومەر عەبدوڵڵایی، ڕووناک دانشمەند، کاروان ئەحمەدپوور، خالق محەممەدنژاد، شەهلا ڕەحمانی و یاسا سادقی" گیانیان لەدەست داوە و ژمارەیەکی



دیکەش لە شاخەوانەکان برینداربوون

تەرمی قوربانیانی ئەم ڕووداوە لە لایەن تیمەکانی فریاکەوتن و خەڵکی ناوچەکە، لەماوەی ڕۆژانی هەینی و ئەمڕۆ شەممە دۆزراونەتەوە و گەیەندراونەتە نەخۆشخانەی شاری بانە. شایانی باسە، سەرەڕای ڕاگەیاندنی فەرمانداری بانە و سپای پاسدارانی ڕژیم سەبارەت بە ئامادەبوون بە ئاڕاستە کردنی یارمەتی بە شاخەوانانی قوربانی، بەڵام هیچ چەشنە یارمەتییەک لە لایەن ئەم دوو ناوەندەی ڕژیم ئەنجام نەدراوە و ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەو ناوچەیە کە ئەم ڕووداوە تێیدا ڕوویداوە، هیچ ئانتێنێکی مۆخابەراتی و هێڵی تەلەفۆنی نەبووە و لەئەگەری بەکار هێنانی ئیمکاناتێک کە ئەم دوو ناوەندە دەوڵەتییە لە ئێختیاریان بووە، قوربانیانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە، خێراتر ڕزگاریان دەبوو

کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆی لەئاست ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ئەم ڕووداوە کارەساتبارە و خەڵکی شاری بانە و کوردستان دەکات و هیوای چاکبوونەوە و تەندرووستی بۆ بریندارانی ڕووداوەکە دەخوازێت

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٣ی هەتاوی

❊❊❊

## ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پێویستە بەشێوەی شۆڕشگێڕانە بڕووخێنین

بارودۆخی سیاسی ئێران بەخێرایی لەئاڵوگۆڕدایە. قووڵبوونەوەی قەیران و ڕکوودی ئابووری و ئاکامەکانی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، پرتووکاوی ژێرخانە ئابوورییەکان و گەندەڵی و دزی بەرینی کاربەدەستانی حکوومەت، ئابووری ئێرانی خستووەتە سەر لێواری دارمان. سیاسەتە ستراتێژیکە ناوچەییەکانی ڕژیم وەک ڕەمزێکی مانەوەی نیزامی ئیسلامی تووشی شکست بوون. ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی وەک یەکێک لە پایەکانی دەسەڵات لەژێر فشاری حەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت لەژێر فشاری خەباتی بێباکانەی ژناندا سست و لاواز بووە. بێتوانایی ڕژیم لە وڵامدانەوە بە داخوازییە خێراکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان، ئاراستەیەکی هێرشبەرانەتری بەم بزووتنەوانە بەخشیوە و سەرهەڵدان و گەشەی ئەم خەباتانەی لە داهاتوویەکی نزیکدا خستووەتە ئاسۆوە. لە کاتێکدا کە دەزگای ڕووحانییەت و ئیدئۆلۆژی ڕژیم توانای مەشرووعییەت بەخشینی بەو هەمووە هەژاری و فەلاکەت و بێمافییە نییە، کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم ڕەوتە زیاتر لە هەموو کاتێک ڕووی کردووەتە ستراتێژی پەرەپێدانی سەرکوت. بەڵام ستراتێژی سەرکوتیش کاریگەری ڕابردووی خۆی لەدەستداوە. ئەم ستراتێژییە نەیتوانیوە جەماوەری خەڵک چاوترسێن بکات. لەئێستادا زیندان و ئەشکەنجەخانەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش بوونەتە سەنگەری خەبات لەدژی ئێعدام و بەرگری لە ئازادی زیندانییانی سیاسی. لەم بارودۆخەدا کۆمەڵگا گەیشتووەتە ئاستی تەقینەوە و هەر ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوە دەتوانێ ببێتە چەخماخەیەک بۆ سەرهەڵدانی ئاخێزێکی جەماوەری یەکجار گەورەتر لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیران و ڕێگری لە ڕەوتی دارمانی ئابوورییەکەی، خەریکی ئامادەکارییە بۆ ئەنجامدانی سات و سەودایەکی گەورە لەگەڵ ئەمریکا. لە ئاکامی ئەم بنبەستانەدا، شکست و ناکارامەیی، ناکۆکی و قەیرانی ناو باندەکانی حکوومەت پەرەیسەندووە و میدیاکانی حکوومەت و کۆبوونەوەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بوونەتە شوێنی نمایشی ئەم قەیرانە. بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە کە ئەم ڕژیمە نەک بەشێوەی ڕابردوو بەڵکوو بەشێوەی ئێستاش ناتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی بدات. ئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە دۆسیەی دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی لە داهاتوودا بەڕووی کۆمەڵگادا کردووەتەوە

بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونە مێژووییەکان، ئەزموونی ئاخێزە جەماوەری و ئینقلابییەکان لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوو لە ئێران و بەسەرەنجدان بە دینامیسمی کۆمەڵگای ئێران و هێزە بزوێنەرەکانی ئێستا، گونجاوترین ڕەوتی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان درێژەیان بێت، ئەم مانگرتنانە بەرەو ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری پەرەبستێنن، بە ئاوێتەکردنی خواستی ئابووری و سیاسی ببنە بربڕەی پشتی مانگرتنە گشتییە سیاسی و جەماوەرییەکان، ماشێنی سەرکوتی حکوومەتی ئیسلامی و دەزگای دەوڵەت زەمینگیر بکەن و لەم ڕێگەوە پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکەن. هەڵبەت بۆ سەرکەوتنی خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی سێ ڕووداو پێویستە ڕوو بدەن

یەکەم - چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەم چینە بە پشت بەستن هەر بەم مێکانیسمەی بزووتنەوەی مانگرتن و بە پشت بەستن بەو چالاک و ڕێبەرانەی کە لە داوێنی خۆیدا پەروەردەی کردووە، پێویستە ئاستی خۆڕێکخستن لەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەیەدا بەهێزتر بکات. بزووتنەوەی کرێکاری ئێران لە جەریانی بزووتنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی زیاتر لە یەک دەیە و نیوی ڕابردوو، بە پەروەردەکردنی جیلێک لە ڕێبەران لەناو ڕیزەکانی خۆیدا، بە ڕێکخستنی هەزاران مانگرتن و ناڕەزایەتی و سەدان کۆمیتەی مانگرتن و کۆمیتەی کارخانە و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی لە بواری کادر و ئەزموونەوە، توانای وڵامدانەوەی بەم پێداویستییە بەدەستهێناوە

دووهەم - پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری، بۆ ئەم قۆناغە گوزارە واتە لەم قۆناغەدا کە هێشتا ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکاران لەوانە شۆراکان و سەندیکاکان شکڵی



نەگرتووە، پێویستە چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری لەگەڵ هەموو بەشەکان بۆ نموونە لەگەڵ موعەلیمان، خانەنشینان و پەرستاران کە پەیوەندییەکی زیندوویان لەگەڵ ناوەندەکانی خەباتی چینی کرێکاردا هەیە، هەروەها لەگەڵ چالاکانی بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پەیوەندی نزیکیان هەبێت و ڕێبەرییەکی سەرتاسەری پێکبێنن و تا ڕادەیەک بۆشایی نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان پڕ بکەنەوە. وە لەم ڕێگایەوە بتوانن بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان لەگەڵ خۆیان هاوڕێ بکەن

سێهەم - هەر لەم ڕەوتەدا کۆمۆنیستە موتەحەزب و ڕێکخراوەکان دەبێ بتوانن لەگەڵ ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە وەک دوو پایەی ئاڵترناتیڤی سۆسیالیستی ئاوێتەی یەکتر بن. وە پەیوەندی مەعنەوی و سیاسی خۆیان لەگەڵ ئەم بزووتنەوە چەپە کۆمەڵایەتییە بکەنە پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیک.

بەڵام ئەگەر ڕەوتی خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و لە جەرگەی ئەم ڕەوتەدا شکڵدان بە ئاڵترناتیڤێکی سۆسیالیستی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی ئەگەرێکی واقعییە، لە هەمان کاتدا نابێ ئەگەرەکانی دیکەی ڕووخانی ڕژیمی ئیسلامی لەبەرچاو نەگرین. نابێ ئەم ڕاستیە لەبەر چاو نەگرین کە هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بورژواییەکانیش لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا حزووریان هەیە، چالاکی دەکەن و بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بە یارمەتی دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا، وە تەنانەت بە یارمەتی بەشێک لە ڕێفۆرمخوزانی

پەراوێزخراوی حکوومەتی، هەوڵ دەدەن. توێژی بەرین و ڕەنگاوڕەنگی کۆماریخوازانی لائیک و سێکۆلارەکان واتە سۆسیال دیموکراتەکان و ئێئۆلیبراڵەکانی لایەنگری ڕۆژاوا کە لەگەڵ توێژێک لە ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتیش پەیوەندییان هەیە، بەشێکی سەرەکی لەم ئۆپۆزیسیۆنەن. ئەگەر ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی ڕۆژاوا ئامانجیان ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بێت، کە لەئێستادا ئەم ئامانجەیان نییە، دەچنە سۆراغی ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن کە لەگەڵ توێژێک لە فەرماندەکانی ئەرتەش و سپاش پەیوەندییان هەیە. لەئێستادا ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی ڕۆژاوا، سەڵتەنەتخوازەکان وەک ئامرازی فشاری کۆنترۆڵکراو لەدژی کۆماری ئیسلامی بەکار دێنن. ئەمریکاش دەزانێ کە ڕەزا پەهلەوی و سەڵتەنەتخوازەکان ئاڵترناتیڤی حکوومەتی نین.

***

## ستراتێژی سیاسی حیزبە ناسیۆنالیستەکان کۆتایی بە ستەمی نەتەوایەتی ناهێنێت

سەرهەڵدان و گەشەی نیزامی سەرمایەداری لە ئێران، وەک هەموو شوێنێکی تر لە کوردستانیش پێناسەی کۆمەڵایەتی بەخشیوە بە خەڵکی ئەم ناوچەیە وەک نەتەوەیەک. بەڵام ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران حاشا لە مافە سەرەتاییەکانی ئەم نەتەوەیە دەکات و ڕێگە نادات ئەم نەتەوەیە چارەنووسی سیاسی خۆی بەپێی ئیرادەی خۆی دیاری بکات. هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی لەدژی ئەم ستەم و چەوساندنەوەیە بوەستێتەوە، بەرەوڕووی هێرشێکی سەرکوتگەرانە دەبێتەوە

خەبات بۆ نەمانی ستەمی نەتەوایەتی کاردانەوەیەکی جەماوەرییە بەرانبەر بە هەڵاواردن و نابەرابەری و بێ مافییەکانی سەرچاوەگرتوو لەم ستەمە. بەڵام سەرەڕای گشتگیربوونی ئەم ستەمە نەتەوایەتییە، کاردانەوە و کاریگەرییەکانی لەسەر هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵگای کوردستان یەکسان نییە. ئەمڕۆ سەرمایەداران و خاوەنانی سەروەت لە کوردستان، ئەو بوروکراتانەی کە خاوەنی پلە و پایەی بەرزن لە ئیداراتی مەحەلی، فشاری ئەم ستەمە زۆر هەست پێناکەن و بەرژەوەندی مادی خۆیان لە پاراستنی وەزعیەتی مەوجوددا دەبینن. ئەمانە بوونەتە پایە مادیەکانی نفووزی ڕژیم و ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی لەناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییدا

بەڵام بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کورد کاتێک نەمانی ستەمی نەتەوەیی بەشێوەی ڕاستەقینە ئاڵوگۆڕ لە ژیانیاندا پێکدێنێت، کە نەمانی ئەم ستەمە لە هەمان حاڵدا بە مانای ژیانێکی ئابووری ئاسوودەتر و فەزای سیاسی کراوەتر بێت بۆ خۆیان و ئاسۆیەکی ڕوون و گەش بێت بۆ منداڵەکانیان. هەر ئەم واقعیەتە بووەتە زەمینەی کۆمەڵایەتی پەرەسەندنی نفووزی هێزی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی لە کۆمەڵگای کوردستان. ئەگەر ئەوەمان قەبووڵە کە ستەمی نەتەوەیی لەم کۆمەڵگایەدا بە هێزی زۆرینەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشن لەناو دەچێت، کەوابوو دروشم و ستراتێژی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستانیش پێویستە هەموو بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت. کۆمەڵە لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ئاڵاهەڵگری ئەم ستراتێژییە بووە و بەم ئیعتبارە بزووتنەوەی کوردستان وەک "بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان" خەسڵەت نمایی کردووە

بەڵام ناسیۆنالیسمیش بە سیاسەت و کردەوەی خۆی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا داناوە. ناسیۆنالیسم ئایدیۆلۆژی و ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەروەک باقی کۆمەڵگاکانی دیکە هاوزادی سەرهەڵدان و گەشەی نیزامی سەرمایەداری بووە. حیزبی سیاسی و کۆمەڵێک بەرنامەی سیاسی جۆراوجۆر بە پێی ئەم ئایدیۆلۆژییە و لەسەر بەستێنی ئەم ئاراستە کۆمەڵایەتییە دامەزراون و ئامادە کراون. ئەم ئایدیۆلۆژییە خاوەنی جیهان بینی، ستراتێژی سیاسی، کلتوور و سوننەتی تایبەت بە خۆیەتی. مێژووی گەشە و پەرەسەندنی سەرمایەداری نیشانی داوە کە ئایدیۆلۆژی و بەرنامەی ناسیۆنالیسم بە پێی پێویستی سەرمایەداری بە پێکهێنانی بازاڕی ناوخۆیی و قۆرخ کردنی ئەم بازاڕە لە چوارچێوەی سنوورە دیاریکراوەکان و زەرووڕەتی پاراستنی ئەم سنوورانە بەزەبری هێزی جەماوەری خۆجێیی، شکڵی گرتووە. ناسیۆنالیسم، کلتوور و ئەدەبیات و هونەر و سەمبۆلی تایبەت بەخۆی بۆ ئاسان کردنەوەی بابەتی هێنانە مەیدانی جەماوەر لە خزمەت وەدیهێنانی ئەم ئامانجە چینایەتییە خوڵقاندووە. بەڵام ئەمڕۆ کە لەگەڵ گەشەی بەرچاوی سەرمایەداری و جیهانی بوونەوەی ئەم سیستمە، هەموو سنوورێک بەرەوڕووی حەرەکەتی کاڵا و سەرمایە کراوەیە، پایە ئابوورییەکانی ئەم ئایدیۆلۆژییە لە گشت جیهان خەریکە لەناودەچێت. لەڕاستیدا ناسیۆنالیسم وەک ئایدیۆلۆژییەک لە مەیدانی سیاسەتی ڕۆژ و لە سەرخانی کۆمەڵگا و لە مەیدانی کلتوور و ئەدەبیات و هونەردا، درێژە بە حەیاتی خۆی دەدات. مانەوەی ستەمی نەتەوایەتی لە گۆشە و کەناری جیهان، هێشتا پۆتانسییەلی حزووری ناسیۆنالیسمی لە بواری سیاسیدا پاراستووە

ناسیۆنالیسم لە کوردستان ڕەوتێکی ڕیشەداری کۆمەڵایەتییە کە لە بوونی ستەمی نەتەوایەتییەوە تەغزییە دەکات. ئەم ڕەوتە ڕەنگدانەوەی مێژوویی ئاواتەکانی بورژوازی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کورد بوو کە لەگەڵ بورژوازی غەیرە کوردی دەسەڵاتدار لە ئێران لە پێگەیەکی یەکساندا نەبوو. لەسەر بەستێنی ئەم ئاراستە کۆمەڵایەتییە بوو کە حیزبە سیاسییەکان و ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستی لە کوردستان پێکهات. واتە حیزب گەلێک کە لە چوارچێوەی نیزامی سەرمایەداری و پەیوەندی بەرهەمهێنانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێران، خوازیاری بەشداری کردن لە دەسەڵاتی سیاسی خۆجێیی و سەرتاسەری بوون. ئەوان بۆ وەدەستهێنانی نفووز و بەڕێوەبردنی بەرنامەی سیاسی خۆیان پێویستیان بە ڕاکێشانی سەرەنجی جەماوەرێک بوو کە لە ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی ڕەنجیان دەبرد

ئەگەرچی هەرکام لەم حیزبانە بەرنامەیەکی دیاریکراویان بۆ مەسەلەی نەتەوەیی هەیە بەڵام لە مەیدانی کردەوەی واقعیدا تەنیا لەپێناو وەدەستهێنانی بەشێک لە دەسەڵاتی خۆجێیی و یان سەرتاسەری بۆ حیزبەکەی خۆیان هەوڵ دەدەن. ستەمی نەتەوایەتی نێردیوانی بە دەسەڵات گەیشتنی ئەم حیزبانەیە بەبێ ئەوەیکە چارەسەر کردنی واقعی ئەم ستەمە ئامانجی ئەوان بێت. حیزب و ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان هیچ داخوازییەکیان دژبە پەیوەندی کار و سەرمایە، دژبە نیزامی سەرمایەداری نییە و لەم ڕوانگەوە لایەنگری پاراستنی بارودۆخی زاڵن. ئەم بارودۆخەش بەمانای درێژەی دەسەڵاتدارییەتی ئابووری، سیاسی و کلتووری بۆرژوازییە و هیچی تر. لەم ڕوانگەوەیە کە ئەم حیزبانە لەناو ئۆپۆزیسیۆندا بە ئەحزابی بورژوایی پێناسە دەکرێن.

ئەم حیزبانە بە حوکمی ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی چەند دەیەی ڕابردوو، خۆیان لەگەڵ ئەم ئاراستە و ئاواتانەی پێگەی چینایەتی خۆیان ڕێکخستووە و لەجیاتی ئەوەیکە لەناوبردنی ستەمی نەتەوەیی بکەنە ئامانجیان، تەنیا بە بەدەستهێنانی بەشێک لە دەسەڵاتی مەحەلی، ئەویش لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت، ڕەزایەت دەدەن. ڕیشەی هەوڵی ئەم ئاراستەیە بۆ نزیکبوونەوە لە لیبراڵەکانی لایەنگری ڕۆژاوا و ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی و ئامادە بوونیان بۆ سازان لەسەر بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لەبری بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی ورد و کەم بەها، پێویستە بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ستراتێژییەی ئەوان شیبکرێتەوە

لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا هێدێک لە حیزبە ناسیۆنالیستەکان هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی لەناو ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵی لایەنگری ڕۆژاوادا تەنانەت لەناو سەڵتەنەتخوازەکاندا هاوپەیمانی سەرتاسەری بدۆزنەوە. نە ئەم هەوڵانە هەتا ئێستا ئاکامێکیان بووە و نە سەرەنجی خەڵکی کوردستانیشی بەرەوخۆی ڕاکێشاوە. هەڵسووکەوتی سەڵتەنەتخوازان و ئۆپۆزیسیۆنی بورژوا لیبراڵی ئێران لەگەڵ ئەم حیزبانە لە سەرەوەیە و تێکەڵ بە بێڕێزی بووە. بۆ ئەحزابی ناسیۆنالیست دەخاڵەتی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان لە ئێران فرسەتێکە بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەنگی هێز بە قازانجیان بگۆڕێت و زەمینەکانی بەشداری ئەوان لە دەسەڵاتی مەحەلی و سەراسەری فەراهەم بکات. چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بۆ ئەوان ئیتر ئارمان نییە، ئەوەیکە ئەوان بەشوێنیەوەن هەبوونی سەهمێکە لە حاکمیەتی مەحەلی لە پەنا دەوڵەتی ناوەندی و لایان وایە کە ئەم کارە لەڕێگەی سازانی نێوان دەسەڵاتەکانەوە مسۆگەر دەبێت و لەڕێگەی سنووردارکردنی خواستەکانی خەڵکی کوردستان و یان لەڕێگەی دەخاڵەتی دەسەڵاتە گەورەکانەوە مومکینە. ئەوان بە بێ ئەوەیکە لەلایەنی بەرامبەریان هیچ بەڵێن و زەمانەتێکیان وەرگرتبێ، ئەم داخوازییانە هەڕاج دەکەن. ئەوان لەسەر ڕۆڵی ئیحتمالی ڕەوتە نێئۆلیبراڵەکانی ئێران لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی داهاتووی دوای کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی دەوڵەتانی ڕۆژاوا حیسابیان کردووەتەوە. بەڵام ئەوەیکە هەر لە ئێستاوە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە هەوڵ بۆ نزیکبوونەوە و هاوپەیمانی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان لەگەڵ لیبراڵەکانی ئێران و یان هیوادار بوون بە فشاری زۆرینەی ترامپ هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی خەباتی خەڵکی کوردستانەوە نییە. ڕەوتە لیبراڵییەکان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بورژوازییەکان لە ئێران بەپێی ئەو هەڵوێستانەی هەتا ئێستایان، دانی هەر ئیمتیازێک لە بواری کەمکردنەوەی ستەمی نەتەوایەتی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران بە مەترسی دەزانن. ئەوان مافی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەڕەسمی ناناسن

***

# وانەگەلێک لە ڕابردوو، بە بۆنەی ڕۆژی ٨ی مارس!

ژنان و پیاوانی پێشەنگ و کومونیست لە شاری مەریوان یەکەم ئاخێزی بەرین و جەماوەری ژنان دژ بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانە و پیاوسالارانەی ڕژیمی جومهوری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ ١٧ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ لە تەبرێز و ئابادان و شیراز، بە تایبەت لە شاری تاران. ژنان لەو ڕۆژەدا هاوکات لە گەل ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن ڕژانە ناو خیابانەکان و دژ بە بڕیاری حیجابی زۆرەملی کە لە لایەن خومەینی جینایەتکارەوە دەربڕابوو، خۆپیشاندانیان وەڕێخست. ژنان بە درووشمی «نە روسری نە توسری، مرگ بر این دیکتاتوری» و «ما انقلاب نکردیم تا بە عقب برگردیم» هاتنە مەیدان، بەڵام بەداخەوە لە لایەن هێزە سیاسیەکانی ئەو سەردەمەوە پشتیوانیان لێ نەکرا. کەش و هەوای سیاسی ئەوکات لە ناو هێزە چەپەکان کە لێیان چاوەڕوان دەکرا پشتیوانی ژنان بن، وەها بوو کە خەبات لە دژی ئەمپریالیسم سەرەکیترە و خەباتی ژنان جارێ لاوەکیە. دواتر دەرکەوت کە خومەینی و دارودەستەکەی بە دروشمی درۆیینەی دژ بە ئامریکا و ئستکباری جیهانی، بەشێکی بەرچاو لە هێزە چەپەکانیان دەستەمۆ کرد و بەرە بەرە هەموو دژبەرەکانی خۆیانیان سەرکوت کرد. ئەگەر جومهوری ئیسلامی نیشاندانی زەبروزەنگی بە سەرکوت کردنی ژنانەوە دەس پێکرد، یەکەم موقاومەتەکانی خەڵکی ئێرانیش لە لایەن ژنانەوە چەخماخەی لێدرا. یەکێک لە وانەکانی ڕابردوو، ئەوەیە کە نابێ هیچ جۆرە مافخوازیەکی دیموکراتیک و چینایەتی لاوەکی لە قەڵەم بدرێت و پێویستە بە ئەوپەڕی بەرپرسیاریەتیەوە پشتیوانی لە هەموو چین و توێژە مافخوراو و ژێر دەستەکانەوە بکرێت. ژنان لە شارەکانی کوردستانیش هەر لەو ڕۆژانەدا و بە چەند ڕۆژ دواخرانەوە هاتنە مەیدان. ژنانی مەریوان کە پێشتر ڕێکخراوەی خۆیانیان بە ناوی «یەکیەتی ژنانی مەریوان» سازکردبوو، بە پێشنیاری کاک فوئاد موستەفا سوڵتانی کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتیان لە ڕۆژی ٢٠ ڕەشەمەی ١٣٥٧ سازمان دا. بەڵام ئەم کۆبوونەوە لە لایەن دار و دەستەی کۆنەپەرستی مەکتەب قورئانەوە تەحەمول نەکرا و ئەوان هەوڵیان دا بە هێرش کردنە سەر ژنان ئەو نارەزایەتیە پرژ و بڵاو و سەرکوت کەن. هەوادارانی ئەحمەدی موفتی زادە کە بە درووشمگەلی «صلی علی محمد، خمینی و کاک احمد» و «شێعە و سوننی فەرقی نیە، ڕێبەر ئێمە خومەینیە» ببونە داردەست و کۆپاڵی خومەینی لە کوردستان، لەو ڕۆژەدا چوونە سەر ژنانی نارازی و بە تەقەی هەوایی هەوڵیان دا بیانترسێنن و کۆتایی بە نارەزایەتیەکە بێنن. بەڵام دەمەودەست



ژنانی تێکوشەری مەریوانیش کە چەکدار بوون دەستیان دایە تەقەی هەوایی و وەڵامی هێزی کۆنەپەرەست و پیاوسالاری موفتیزادە یان دایەوە. مەکتەب قورئانیەکان کە چاوەڕوانی ئەم وەڵامەیان نەدەکرد شوێنەکەیان بەجێ هێشت و ژنان لە جێگە و پێگەیەکی بەهێزەوە حەرەکەتەکەیان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بە ئەنجام گەیاند. جەماعەتی موفتیزادە هەر ئەو ڕۆژە لە شاری سنەیش دەستیان دایە بڵاوەپێکردنی ژنانی موعتەرز. هەمان شەوەیش هەڵیان کوتایە سەر کارخانەی پووشاکی سنە کە زۆربەی کرێکارەکانی ژن بوون و چوونە سەر شوێنی حەوانەوەی ژنانی پەرەستار واتە خابگای بهیاران لە شەقامی شاپور کە بەشێکی زۆریان بەشداری نارەزایەتی ئەو ڕۆژەیان کردبوو، وە دەستیان کرد بە تەقە کردن و تۆقاندنی ژنان. یەکێکیتر لە وانە مێژوویەکانی ڕابردوو ئەوەیە کە هێزی پێشکەوتووخواز و بەرابەری تەڵەب دەبێ پێشتر خۆی بۆ بەرامبەرکێ لە گەل هێزە کۆنەپەرەستەکان ئامادە کردبێ. ئەمڕۆکەیش ژنان هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی ستەمکارانەی سەرمایەداری و نیزامی باوکسالاریدان. ئەگەر چی جەماوەرێکی بەرینی ژنان لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا بە شداریان کرد، بەڵام خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی ژنان ئێستاکەش بوونی هەیە. ژنان هێشتا نەیانتوانیوە ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان پێک بێنن. بیری پیاوسالارانەی دژە ژن و هێزە کۆنەپەرەستانەکان ئێستاکەش دەمارگرژی دەنوێنن و بە شێوازی جۆراوجۆر ژنان دەکەنە قوربانی. بەڵام لە بەرەی شۆڕشگێڕان و یەکسانیخوازاندا هێشتا هێزێکی وەها پێک نەهاتووە کە پشتیوانیەکی کاریگەر لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا لە ژنان بکات. پرسیار ئەوەیە، ئەگەر ژنان و پیاوانی کومونیست لە بەرەبەری شۆڕشی ٥٧دا توانیان ڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنان درووست بکەن و هێزێکی وەها بن کە بتوانن لە بەرامبەر کۆنەپەرەستەکاندا ڕابوەستن، ئایا کومونیستەکانی ئەم سەردەمەیش دەتوانن «ڕۆڵەی زەمانەی خۆیان» بن و بەر لەوەی کە قەیران یەخەیان پێ بگرێت، ببنە هێزێکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەی جەماوەری و سەربەخۆی جۆراجۆر پێک بێنن؟

١٧ی ڕەشەمەی ١٤٠٣

**ڕۆژی جیهانی ژن**

❊❊❊



# شێعر

## پشکەش بە دایکێکی زیندانی شکەنجەکراو لە گەڵ مناڵەکانی

بۆ پیاوانی نەسرەوتووی ئارام و مەند
کە بوونە شمڵی هەستان
پەتی ئیعدام هەڵخەن.
دایکانی بە ساڵاچووی خۆشی لە خۆ نەدیو
کە ڕازداری دڵ بە ئارەزوون
سەرەو نخون هەڵاوەسن.
بۆ خوشکانی هێشتا مناڵمان
کە گۆرانی و سروودی ئازادی،
ئاوێتەی گەمە و کایەیانە
تەنووری شکەنجەتان داخەن.
بۆ لاوانی خوێن گەرمی نارازی
کە دڵیان بۆتە کانی بە جۆشی ڕاپەڕین
تۆری فەساد و پیلان ڕاخەن.
ئەی پسپۆڕانی سیخوڕی، قەتڵ و تیرۆر!
هەموو شتێک ژێرە و ژوور کەن
هەموو کەسێک بپشکنن،
هەموو جوانییەک بشارنەوە.
بەڵام هەیهات کە
دەستتان هەر گیز بە سنووری خۆشەویستی ئێمە ناگات!
بەڵام هەیهات کە،
هەرگیز لە ڕاز و ڕەمزەکانمان تێ ناگەن
بەڵام هەیهات کە،
ناتوانن خۆری شۆڕشگێڕی لەم وڵاتە بشارنەوە!
هەرچی بکەن
خۆر هەر گەش و ڕوون و بەتین
ئەوەی ڕەشیی ستەمکاریە ڕادەماڵێ.
لە هەر کوێ بن
ڕۆژێک لافاوی تووڕەیی مەزن
بە سەرتاندا دا دەبارێ.
تا کوێ بچن
چەرخی مێژوو هەر دێتە پێش
کەلەی وشکی تەم و تارتان تێک دەهاڕێ
"کاکە"
هەت کەنگێ
هۆ کچی جوان...
هەتا کەنگێ چاوەکانت هەڵناهێنی
هەتا کەنگێ هەستەکانت لە ناختدا دەخنکێنی
وشەی ناسکی سەر لێوت
بە بێ دەنگی دەتاسێنی!
هەتا کەنگێ...
چاو چنۆکان بتکەن بە تابلۆی بێ گیان
لە بازاڕی ڕەشی خۆیان بتفرۆشن!؟
بۆ نازانی تەمی ڕووکەش
بەری چاوانتی گرتووە
ئاسۆی ڕوونی لە بەر چاوت لێڵ کردووە؟
ئەگەر بێت و هەڵیان بڕی و دوور بروانی
کام ڕێگا ڕاست و پیرۆزە
پێدا دەڕۆی،
کام تروپک خۆش و بەرزە،
بارگە و بنەی تێدا دەخەی،
بۆ کام ئاوازە، نەمرە،
بە ئازادی گوێ هەڵدەخەی.
دە پێم بڵێ...هەتا کەنگێ
چاوەکانت هەڵ ناهێنی
هەتا کەنگێ.. هەستەکانت
لە ناختدا دەخنکێنی.

" سارا قەڵادزێ"

❊❊❊




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧